# جیهانی منالاَن

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
## دەربارەی منالاَن

**ژمارە 8**



### خەمێکم لە هەندەران

**من کچۆلە کوردم لە هەندەران   لە ناخمایە .. مافی ژیان،**
**ئەومافەی کە بۆ گشت منالانی جیهان ڕەوایە**
**بۆ منیش بێرێگر  ڕێی ئاوەلایە**

# Barnens Värld

### *Om barnens livsvillkor världen över*
### ***Barnhem i Saqis & Bokan***







Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030

**Bankgiro 5469-4922**

www.jihanimindalan.just.nu
shihab.manmy@comhem.se

**ISSN 1651-5188**

**ليستەی پشتيوانان و هاوكاران و خوێنەرانی گۆڤاری جيهانی منداڵان و يانەی سارای سەيار لەشاری سەقزو بۆكان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بۆ ژمارە 8 ی ئەم گۆڤارە لە وەرزی زستان، ساڵی 2004 دا.**

## واتە دەخڵ خەرجی 3 مانگە

+++++++++++++++++++++++++++++++

1- ئازاد عەزيز................... 500
2- هيوا عەزيز و دايكی ئامانج... 400
3- بەختيار پێنجوێنی........... 160
4- شوان كركوكی................. 50
5- د. كامەران قەرەداغی........... 500
6- كاميل ئەحمەد.................. 100
7- تەها خوسرەوی................ 200
8- ڕەسوڵ سەفەريانی................ 50
9- سەلمان هەبەكی................. 100
10- خوشكە سيسيليا............ 300
11- ئەحمەدبازگر................. 150
12- خاليد عەلی پەنا.............. 100
13- سلێمان قاسميانی.............. 60
14- نەرۆی عەلی.................. 30
15- ناصر بازگر.................. 50
16- شيخ خاليد حەيدەری....... 60
17- شەهاب مەنمی........... .... 200
18- م- مەجيد فەرەج............ 100
19- سايير عەلی پەنا.......... 80
20- خاڵە سابير.................. 50
21- وەستا عەبدول................ 50
22- گوڵەباخ هاوڕێكەی.......... 200
23- تەها خوسرەوی............ 200
24- مامۆستا جەلال.............. 60
25- خوشكە هاينە............... 100
26- ڕەسووڵ محەمەدی........ 200
27- تاهير مەحمودی............ 200
28- شيخ خالد حەيدەری........ 60
29- ئابێ ئيف..**ABF**......... 1680
30- كاوەی بوزوگپەنا.............
31- ئيبراهيم ڕۆستەمی......... 100
32- مامۆستا حسێن ............
33- محەمەد و سارا............ 100
34- خوشكە ئامينە........... 100
35- مامۆستا جەماڵ بوزورگپو ر... 60
36- دايكی س عبولا.............. 60
37- هۆشيار تاجری............... 150
38- حەميدقوربانی.............. 60
39- نوری سليمانی ............. 50
40- فەريدەی ڕەزايی............ 60
41- بەختيار پينجوێنی.......... 160
42- بەيان و كاوە..............
43- موحەمەد شوانی........... 50
**44** = تێكۆش لە ئەڵمان......... 300

### پشتيوانانمان لە كيشوەری فينلاند

66= لۆرا و تارا ................
67 = فاتمە نەورۆزی..........
68 = ڕيبوارو شەهلاقادری.....
69 = محەمەد قادری............
70 = كاك موحسين ...........
71= بەيار و گولاڵە............
72= سالار سۆڤ..............
73= شيرين و جەماڵ .........
74= كاك ئیزمەڕ...............
75= سەميرە فەتخولا...........
76= كۆژين زەكی.............
77= سۆران زەكی يارمەتی بێسنوور
78= عومەر مەعروف ...........
79= ئەنوەر ڕەشی عەولا......
80= ئاكۆ ڕەشی عەولا......
81= عەبدول گوڵ پەريان.....
82= خدر حەسەن زادە.......

### هاوڕێيانی نورويژ

83= عەلی كرماشان.................... 200
84= ناسر و مەلەكە..................... 50
85= سابير ژاوەرۆ..................... 50

======================

پاكەت و**cd** بەتاڵ.................... 169
بۆ تيكۆش لە ئاڵمان .................. 110
بۆ مەهاباد قەرەداغی.................. 64
بۆ عەبدول گوڵپەريان................. 110
بۆ پەۆوانەی قەرەيشی................ 140
بۆ حەسەن زەكی لە فينلەن........... 140
خەرجی چاپی ژمارە 7................ 4000
مانگانەیمانگانە10بۆ سەقزو بۆكان. 2600
مانگانەی مانگی12بۆ سەقزوبۆكان 3000
جەودەر و كاغز ........................ 1000
خەرجيی سايتیئيتنتەرنێت........... 500

### خوێنەرانـــــــــــی هێژا

من كە بەرپرسياری ئابووری گۆڤارەكەم، پێم خۆشە كە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەيەكدا، لێكۆڵينەوەيەكی ئابوری بكەم بۆ ڕوونكردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەكە. تا بۆ خوێنەرو يارمەتيدەرانی گۆڤارەكە ڕوون بێت كە دەخل و خەرجی گۆڤارەكەو يانەی سارا تێكرا لە سەقز و بۆكان چەنێكە. لەم سێمانگەدا 7440 كرۆن يارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەكە و باقی بەرهەمەكانی كاك عەلی بووە، 733 كرۆن خەرجی پۆست و **CD** لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی زستانی 2003 بووە، و خەرجيشمان 10367 كرۆن بووە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاكس بۆگشت خۆشەويستانی گۆڤارەكەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و كۆمەكی دارايی يانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەكان) تەنيا لەلايەن مامۆستا (عەلی كيتابی) وە بووە.

**شەهاب مەنمی**
01 01 2004

==============================


ئازيـــــــــــزان

بۆ سەلماندن و دڵنيايی دڵسۆزان و يارمەتی دەران و پشتيوانان و خوێنەرانی گۆڤارەكەو يانەی سارای سەييار لەسەقز و بۆكان و هەر وەها گۆڤارەكەيش لە كيشوەری سوێد ئێمە لە سەرەتاو كۆتايی هەمو ژمارەيەكدا گشت دەخڵ و خەرجمان بە وردی چاپ و بڵاو دەكەينەوە، بۆ ئەوەی ئەم (زەرفە) وەك ئاوێنەيەكی بێگەرد، هەست و دڵسۆزی گشت ئێوەی تێدا ديار بێت و نەيارانمان نەتوانن خۆیتێخزێنن، لەم بوارەدا بە كەيفی خۆيان ئاو لێڵ كەن و ماسی بۆخۆيان بگرن.

**گ.ج.م**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێكی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر
**عەلی كیتابی**

مۆنتاژكارو بەرپرسی ئابوری
**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێكی وەرزیەولە سوێد دەرئەكرێ و
لە كوردستان دووبارە چاپدەكرێتەوە

**زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپكردنی**

# جیهانی منداڵان 8

| لاپەڕە | بابەت | نووسەر |
| --- | --- | --- |


2 .... مەرج و بەردی بناغەی ئەمگۆڤارە و یانەیٚ ساراو وتاری سەردەبیر

3.... زنجیرە باسێکی دەروونناسی ................. پەروانەی قورەیشی

7.... نامەیەك بۆ پەروەردەكاران.......................... .. ئەفسەر فەیز

11.... نیگاكانی ئاو ................................ ئەنوەریڕەشیعەوڵا

11 .. پارچە شیعرێك ........................... بەختیار پێنجوێنی

13...ڕۆڵ و كاریكەری ئایین لە بونیاتنانی كولتوری زەبر و زەنگدا ...........................................................مەهاباد قەرەداغی

15....مامۆستا مەلاحەسەنی دزلی زانا و ئەندیشمەندی فەرامۆشكراو

16... چاوپێكەوتن لەگەڵ خوشكە نەرویٚ عەلی ............. گ. ج . م

17... چمكێكی چكۆلە لە ڕۆمانی سارا ... ................عەلی كیتابی

19.. ئاوڕێك لەمنالاٚنی ولاٚت ............ .... .......ڕەسولی سەفەریانی

19=..كاریكاتیر.............. ....................... كارزان عومەر

20=..لیستەی ناو و میقداری مانگانەی مناڵەكانی یانەكانی سەیاریسارا


.........................................................................

گۆڤاری جیهامی منداڵان هەشتەمین وەرزنامەی خۆی بێوچان و پشودان پیشكەشی پشتیوانان و یارمەتی دەران و خوینەرانی خۆی دەكات. هەروەها تەمەنی كۆرپەوساوای دوو ساڵەی خۆی بە خولقێنەرانی كە بریتین لە:

=1 بونیانگوزار و سەردەبیر عەلی كتابی

=2 شەهاب مەنمی بەرپرسی ماڵی و مۆنتاژكاری گۆڤارەكە

=3 ئاسۆرەشید بیارەیی بەرپرسی سایتی ئەنتەنیتی

=4 پەروانەی قورەیشی بە نوسینە زانیاریەكانیەوە

=5 مەهاباد قەرەداغی بە قەڵەمە پرپێز و سەربەرزەكەیەوە

=6 ئەحمەد میلان خاوەنی میدیا زاگروس بەهاوكاریەكەیەوە

=7 ئازاد عەزیز و دایكی ئامانج و هیواعەزیزیش وەك نموونەی هاوكارانی بە دەربەستی بەشی ماڵی بە دنیای مناڵان دەناسێنین.

هەروە ها گشت هاوكاران كە تەنیا ڕەسوڵی سەفەریانی وەك نموونەی هاوكارانمان ناوی دێنین پیرۆزباییان پیٚ دەڵێن.



## وتاری سەردەبیر

خوێنەرانی خۆشەویستی جیهانی منداڵان، بە تایبەت نووسەران و تایبەتیتر ئەو نووسەرو ئەدیبوو ئەدەب دۆستو یارمەتی دەرانەی كە گۆڤاری جیهانی منداڵانیان بەزەرفێك یا جواترە بڵێم بە ئاوێنەیەكی بێگەرد زانیوە، تا ئاكامی بەرهەمی تێكۆشان و یارمەتی مەعنەویە و مادی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

ئازیزانم ئێستا هەست دەكەم لە سەر لووتكەی بڵیندی تەمەن و ئاواتەوە وەستاوم، چونكە توانیومە یانەی سارای منداڵان و ئۆرگانەكەی كە ئەم گۆڤاری جیهانی منداڵانیە، وەك نیهادێكی غەیرە سیاسی، غەیرە حیزبی، غەیرە مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی بخولقێنم. لێرەدا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەگەر لەسەرەتاوە ڕەوف حەسەن لە سلێمانی و شەهاب مەنمی لە سوێد نەبوایەن ئەم ئاواتە دێرینەی من ئاوەها بەم ئاسانیە وەدی نەدەهات. خۆشەویستانم ئێستاش خۆم وەك تاكە پاشەرۆكی سەمەری گەیشتو بەقلیپێپەی دارگوێزێكی یاخی و تووشەوە دەبینم. گەرچی تا ئێستا بە لیزمەی تاوە تەرزەو هەورەتریشقەی ئەهریمەنی و نە بە پەڵو پلارو ڕاژەی دزو شارۆكەرانی چاوچنۆكو بەكرێگیراو نەكەوتومەتە خواریٚ، بەلاٚم ئێستا كە كەوتومەتە بەر پەلامارو هەڕەشەی شەختەو خەزانو بای بەهێزی پایزی تەمەنم، دەزانم تۆزیٚ درەنگ یان زوو دەكەومە خواریٚ.

گرنگترین هیواو هاوارم ئەوەیە، ئێوە بە پێنووس و ئەندێشەو تێكۆشانتان، بە پەروەردەو بارهێنانی مودێرنی هاوچەرخەوە، بیرۆكەو بونیادنان و مەوجودیەتی یانەی سارای منداڵان و گۆڤاری جیهانی منداڵان بتەوكەن و پەرەی پێبدەن و بیكەنە موئەسیسەیەك و بی پارێزن.

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەكەی كە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی كە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابیٚ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەكی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بیٚ. بەلاٚم ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیٚیە سادق و سالم و ساكارەكان لەم كارە پیرۆز بێبەشكەین.. مەبەستی سەرەكی ئێمە ئەوەیە بە وریایی بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆكی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەكانیان بەكارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لاڕێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەلاٚم بە ناكامیوناچاری پاشە كشیٚیان كردوە. **گ.ج.م**

# پەروانـــەی قورەیشـــــی
# و
## زنجیرەباسی دەروننا‌سی
## بەشـــی
## پێنــــــــجەم

وەر گێڕران لە فارسی‌یەوە  بۆ کوردی

عەلـــی‌کیتابـــــــی



خەباتی‌ئازادی و یەکسانی‌خوازی  ژنان!  ڕوانگەی فرۆید ڕەت دەکاتەوە ە پێی وایە ڕەوانکاوی  ژن وەك بونەوەرێكی لاواز و هەژار لەپلە و پایەی خۆی دێنیتە خوارەوە لە بیچمی دایك و هاوسەردا قەتیسی دەكات.

به بڕوا و بۆچوونی من، ئەم بۆچوونە پێچەوانەی ڕەوانكاویە، چونكە ڕەوانكاوی بە لێكۆڵینەوە و خوێندنەوە، ڕەفتار و ڕەگ و ڕیشەی نهێنی و فەرامۆشبوویانی دۆزیوەتەوە و ناسینێكی ڕاست و ڕەوان و باشتری لە چۆنیەتی شكڵگرتن و شێوەی ژێرچەپۆكەیی لە كۆمەڵگای باوكسالاری و كارتێكردن لە ڕەوان و شێوەی شكڵگرتندا خۆی دەنوێنێ.

جۆلیت مێچل دەڵێ: بۆ باشتر ناسینی ستەم لە ژنان و ناسینی خەبات لەدژی ستم، ناكرێ و نابی لە ئاستی ڕەوانكاوی چاو بنوقێنرێ. پێش لە هەموشتێك بۆ تیشك هاویشتنە سەر باسی ڕەوانشناسی‌ژن، بە پێویستی دەزانم زۆر بەكورتی لەسەر باسی ڕەوانكاوی دەربارەی سەرچاوگەی بێ‌سەروسامانی ڕەوانی، كە بە بڕوای ئەوان ڕیشەی لە بێبەشی سەرەتایی‌دا بووە و هەیە باسبكەم. بە باوەڕی ئەوان ئەوە بێ‌بەشی و بەشخوراویە، بووە و دەبێتە هۆ و ماكەی بێ‌سەروسامانی لە گەشە و پێ‌گەیشتنی قۆناغی جنسی‌دا.

ئەم دەستە لە ڕەوانكاوان لەو بڕوایەدان كە گەشە و تەكامولی كەسایی‌تی بە شێوەی پلەو پانایی هەوەسی جنسی كە هێز و توانای ژیانی تاكە كەسی‌یە،  یا Libido  لەودا ڕێك و پێك دەكرێ.  ئەم قۆناغە بەشێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1= قۆناغی دەم و مژین  :  مژین لە ڕۆژەكانی سەرەتای ژیانەوە تا یەك ساڵ سەرچاوگەی گەورەترین و خۆشترین لەزەتی منداڵە.

2– قۆناغی (مقعد) واتە قنگەنشینی: ئەم قۆناغە لە تەمەنی 2 تا3 ساڵی‌دایە. گەرچی لە بڕیك لەمناڵاندا جاری‌وا هەیە تا چوار پێنج ساڵیش دەخایەنێ. لەم قۆناغەدا لێوارەی ناوەوەی (مقعد) واتە كۆم بە هۆی (مدفوع) واتە میزو گوو منداڵ دێنێتە جموجۆشی حەزو لەزەت.  گردو كۆ و ڕەهایی میزو گوو لە ناوەوە بەتایبەت لەنزیك لێوارەی كۆمدا مشكیل دەكات، خۆخەلاس كردن لەو حاڵتە فشار  و ئێشێكی زۆر بۆ لێوارەی ناوەوەی كۆمی منداڵ دێنێ. ئەوئێش و فشارە بۆمنداڵ  لەززەتێكی زۆری هەیە.

3– (مرحلە تناسلی) واتە  قۆناغی ئەندامی زاوزێ: ئەم قۆناغە لەتەمەنی سێ‌چوارساڵیەوە دەس پێ‌دكا تا بلووغی ئەندامی زاوزێ. لە واقیعدا دوای تێپەڕ بون لە قۆناغەكانی (زار و مژین)  و قنگەنشینی و قۆناغی ئەندامی زاوزێ‌یە  كە دوا قۆناغە. كەواتە بناغەی بیر و بۆچونی دەروننا‌سان،   هەموو سەدەمەی ڕەوانی لە بێمافییە كە لەم قۆناغانەدا ڕوو ئەدات، كاردانەوەی خراپ لەسەر شكڵگرتنی كەسایەتی دادەنێت. ئەوان تایبەتمەندی كەسایەتی بە چۆنیەتی تێپەڕبون لە Libido  لەم قۆناغانەدا دەزانن. بۆ نمونە ئیشتیای زۆر بە خواردەمەنی و ئەلكول و یا هەتا جكەرەكێشان بە بەشێك لە پاشەرۆكی قۆناغی( دەم و مژین)ی منداڵی دەزانن. هەروەها  دەڵێن دەلیلی وەسواسی‌و خەسیسی و لەجوج بوونیش لە تەمێ‌و توندوتیژی‌و بێبەشی قۆناغی قنگەنشینیەوەیە. بە پێی ڕوانگەی فرۆید: دەبێ ئاگاداربی كە  ئەم قۆناغانە حەتمەن یەك بەدوای یەكا نەبووە و ڕەنگە شێوەی پێگەیشتنی منداڵ لە یەكێ لەم قۆناغانەدا بە هۆكاری لاوەكی وەك نەبونی، یان فراوانی خۆشەویستی‌یەوە  ڕاوەستابێت.

لە قۆناغی ئەندامی زاوزێ‌دا، كوڕ  گرینگیەكی زۆر بۆ گەڵوگونی خۆی قایلە، كردەوەی خۆ ڕازی‌كردنی  لەم سنوساڵەدا زۆرە.

ئیحساسی لەززەت و شەفاو ئارامشی منداڵ  لەم سن وساڵە كەمەدایە،  هەروەها خاووخەیاڵی جنسی كوڕ بە دایكیەوە یان جێگرەكەی واتە زڕدایك.  كوڕ حەسودی بە باوكی دەبات و، وەك لەمپەرێك لەنێوان خۆی‌و دایكی‌دا دەبینی كە ناتوانی كەفوكوڵی جنسی خۆی لەگەڵ دایكی دامركێنی. باوكی بۆ ئەو (ڕەقیب)یكی ئەوینی خەتەرناكە، كە سەركەوتن بەسەریا كارێێكی ئاسان نیە. كور  ئارەزوی خەساندنی باوكی دەكەوێتە سەر، پێی وایە لەم ڕێگەوە دەتوانی باوكی وەلانێ و خۆی جێگاكەی بگرێتەوە.  فرۆید ئەم قۆناغەی ناوناوە ئەدیپوس. لەلایەكی‌ترەوە ترس و پاشكۆیی كوڕ بە باوكی، دوچاری كێشمەكێشی ڕەوانی دەكات. ترس و گومانی لەوەیە نەكا باوكی بە ڕازی نهێنی ئەوینی بەدایكی و بە نیاز و ئارەزوی خەساندنی باوكی پێی‌بزانێت، هەر ئەو بەڵایەی بەسەر بێنی كە ئەو بۆ باوكی ئارەزوی كردوە. كور پێی وایە باوكی دەتوانی بە هۆی عاشق بونی بە دایكی بەو پەڕی توندو تیژیەوە موجازاتی كات. كوڕ لە ترسی موجازات، گشت ئارەزوو و  ئەوینی بەدایكی فەرامۆش دەكات و خۆی بە هاوتای باوكی دەزانی نیسبەت بەدایكی.فرۆید لەو باوەڕەدایە كە كەشف و چاوپێكەوتنی ئەندامی زاوزێی ژن دەبێتە هۆی سەرنج و تیفكرینی كوڕ  لە خەساندن. هەروەها كوڕ دوای دیتنی ئەندامی زاوزێی ژن تازە بە نابەسامانی جنسی نێوان كچ و كوڕ پەی‌دەبات و پێی‌وایە كچ بەهۆی سەرەنجامی كاری مەنعكراوی جنسیەوە موجازاتكراوە خەسێنراوە. بۆخۆیشی زۆر  لەوە دە ترسێ  ئەو بەڵایەی بەسەر بێنن. كوڕ كچی خەساو لە پلەو پایەیەكی نزمتر لەخۆیدا دەبینێ و بە گومانیشەوە  تێدەكۆشی لێی نزیك نەبێتەوە.

بە بڕوای فررۆید تویژینەوەی گیانی ئەوینی‌ژن كارێكی زۆر سەخت و دژوارە. ئەو لە سێ "ناميلكەی تیئۆری جنسی"دا  باسی دوورگەی تاریكی كردوە. گیانی‌ئەوینی ژنی بەدوورگەی تاریك شوبهاندوە. لە ساڵی 1923دا  دەنووسێ دەڵێ: ئێمە هێشتا زانیاریەكی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نیە تا بتوانین (تەكامڵ)ی ڕەوانی كچ بەتەواوی بە شێوەی شیاو بناسێنین. بە بڕوای فرۆید قۆناغی زاوزێی بۆ كوڕۆكچ یەكسانە. كچیش هەر وەك كوڕ دوای تێپەڕین لە قۆناغەكانی مژین و قنگەنشینەیی دەكەویتە ناو قەیرانی قۆناغی ئەندامی زاوزێوە.

كچ لە دیقەدیقەی، قیتكەی، واتە (بەشی دەرەوەی ئەندامی زاوزێی) هەر ئەو لەززەتە دەبات كە كوڕ  لە دیقەدیقە ئەندامی زاوزێ‌ی واتە گەڵوگونی لەززەت دەبات. ئەم حاڵەتە بۆ هەردوكیان دەقاودەق وەك یەك دڵڕفێنە و لەیەك شویندا واتە لەناو گەڵدا كۆ بۆتەوە.  تێكۆشانی‌كچ بۆ خۆڕازیكردن و نیازی، تێكەڵاوێك لە خەون و خەیاڵ و ئەوینی بە باوكی، زەروری و خۆبەخۆ دەبێتە كیشمەكێش و ئاڵۆزی نێوان خۆی و دایكی. كچ دوای دیتنی گەڵوگونی براكەی یان ئەو كوڕەی گەمەی لەگەڵدا دەكات، توشی دیقەدیقە و ئاڵۆزی و حەسوودی دەبێت. ئەو تەسەور دەكات خۆیشی خاوەن وەها ئەندامێك بووە. بەهۆی كردەوەیەكی (مەمنوع و منفور) كیر و گونی پیاوانەی ئەویان بڕیوە.  بە گومانی ئەو ژنانی تر و دایكی لە پلەی یەكەمدا خاوەن ئەندامی جنسی پیاوانەن. لە حاڵێكدا كوڕ لەترسی ئەوەی نەكا بی‌خەسێنن، بۆ خۆڕازیكردنی لەگەڵ مەعشوقەكەی‌دا  واتە دایكی، خۆی دەبویرێ. كچ پێی‌وایە ئەو ئێستا كە  خەسێنراوە، ئیتر هیچ

بەهانەیەك بۆ دووری گرتن لە دڵدارەکەی نابینیت. دەرەنجام نیازێك بەپێکهاتەی، ویژدانی ئیخلاقی (ئەوپەڕی من) یا (منیئەوپەڕ) نوێنەری ئیخلاقیو خوازیاری، گشت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی) وجوودی نیە. فرۆید نەتیجە دەگرێ، کە ژن لە چۆنیەتی ئیخلاقی کەمتر لەپیاو بەهرەمەندە. پاشکۆ بونی کچ بە باوکەوە هەروەکخۆی دەمێنیتەوە. کچ بەو هیوایەوە بەسەر دەبات پێی وایە باوکی بە شێوەیەك لە شێوەکان کیروگونی بۆ قەرەبوو بکاتەوە. ئارەزووی کیر و گون بۆکچ، کەمکەم جێگای خۆی بۆ ئارەزوویکی دیکە چۆڵدەکا، ئەمجار ئارەزووی کچ منداڵیکە لەباوکی بێنێتە

دنیاوە. کە گوزەشتیزەمان وەدینەهاتنی ئەم ئارەزوە دەسەلمێنێ، کچیش دڵشکاوو ڕەنجاو ڕوو لەباوکی وەردەچەرخێنیٚ، ڕێگای بۆ یارێك کە نیازە کەی بۆچارەسەر بکات ئاواڵە دەبێت. بە بڕوای (جۆنس) ئارەزوی منداڵ جگە لە وەچنگ هێنانی کیروگونی پیاو، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بە منداڵ شتێکیتر نیە. بە بڕوای بڕێکیتر لە ڕەوانکاوان ژن ئاواتی ئەوەیە یەکەمین منداڵی کوڕبێت، ئەوەیش نیشانێکی ترە بۆ قەرەبوی نەبونی ئەندامی زاوزێی پیاوانە کە ژن لەم ڕێگەوە ڕازی دەبێت.

فرويد لە نامیلکەیەکدا لە ساڵی 1920 بە ناوونیشانی جیاوازی ئەندامی ژن وپیاو و ئاکامی ڕەوانی: لەم نوسینەدا بەوردی لەسەر گەشەی ڕەوانی کچ دواوە و دەڵیٚ: کچ دوای ئەوەی کەشفی کرد و هەستیکرد کە لەنیشانەی تایبەتی پیاو کە گەڵوگونە بێبەشە، بەلۆکەی بڕاو ئەتککراوی ئەو لە بەرانبەر گەڵوگونی پیاودا کەمنرخە، هەست بە هەژاری خۆیو حەسودی بە دەوڵەمەندی پیاو بە گەڵوگونیەوە دەبات. بە بڕوای فرۆید هەستی حەسودی ژنان لە پیاوان زۆر بەرین و فراوانترە، ڕەگوڕیشەی شاراوەی ئەم خوسوسیاتە لەناو هەگبەی هەست بە نەبونی گەڵوگونی پیاوانەوە خۆی حەشار داوە. هەروەها لەلایەکی تریشەوە کەنیشك لە دەرونەوە تاوانی هەژاریو کەم بەهایی ئەمدامی زاوزێی خۆی دەخاتە ئەستۆی دایکیەوە، ڕق و نەفرەت دەبێتە جێنشینی خۆشەویستی نیسبەت بە دایکی.

بە بڕوای دەروونناسێکی دیکە Libudo کچ بۆئەوەی ڕقوکینەی خۆی نیسبەت بە دایکی ڕەوانتر دەربڕیٚ ئارەزووی گەڵوگونی پیاوانە دەکات.

فرۆید لەئەنجامی دیتنی بەچاوی خۆی دەربارەی ئەو ژنانەی کە بۆ موداوا و عیلاج دەچونەلای ئاوای نوسیوە: ژنان لە پیاوان کەمتر خۆ بە خۆڕازیکردنەوە خەریك دەکەن، ئەڵبەتە ئەمە زاهیری ڕوداو بوو، چونکە ئەو لە ماوە و فولاٚیی ڕەوانکاویدا تێگەیشت کە سەرکوتی خۆڕازیکردن بەهۆی کەشفی جیاوازی جنسی کچان و کوڕانەوەیە. کردەوەی پڕتام و چێژی پێشوو واتە خۆ ڕازیکردن کە هاوسان و وەك یەك لەگەڵ کوڕدا جووت دەبوون، دوای کەشفی جیاوازی جنسی کارێکی ترسناکە و تیکەڵاوی ترس. کچ لەگەڵ ئەم ڕاستیە دەردناکە ڕووبەروو دەبێت کە ئەندامی جنسی ئەو بەرانبەر ئەندامی جنسی کوڕ زۆر کەمە و (ناقصە).

بە بڕوای فرۆدید زۆربەی ڕاوەستانی توندی Libdo بەڕووی باوکدا بناغەی دوپاتکردنەوەی ئەو کاتەیە کە پێشتر کچ لەبەرانبەر دایکیدا بوویەتی. دایك هەم بۆ کچ و هەم بۆ کەڕ ئامانج و مەوزوعی جنسیە. دایك بەهۆی (لەمس) دەست تێوەردان و دەست خشاندن بە گەڵوگون و گەڵوکوزی منداڵیکچوکوڕدا، دیقەدیقەی لەکاتی شتن و پاکوخاوینکردنی منداڵەکەیدا، یان کاتی شیری مەمکو خواردەمەنی ئەوەڵین هەستی جنسی منداڵ دەبزوێنیٚ، شێوەو چۆنیەتی ئەم هەستپێکردنە چ لەکچ و چ لەکوڕدا یەکسانە. هەوەسی مژینی گەڵوگونی پیاوان، بەبڕوای (ملانیکلاین) ڕەنگە ئەم ئارەزووی جنسیە لە مژینی مەمکی دایکەوە لەقۆناغی" دەم و مژینەوە سەرچاوەی گرتبێت.

فرۆید لەسەر ئەم نوکتە پێدادەگریٚ و دەڵیٚ: کچ لە قۆناغی ئەندامی زاوزیٚدا پێیوایە پیاوێکی چکۆلەیە و وەك نێرینە ڕەفتار دەکات، دیقەدیقەی قیتکەی کچ و کیروگونی کوڕ، وەك یەك و یەکسانن و تا ئەم قۆناغە کچ لە وجودی Vagina(بەشی ناوەوەی زێی) بێخەبەرە.

جیاوازی نێوان کچوکوڕ ئا لێرەوە دەس پێدەکات، لەقۆناغێکدا کە هەرتکیان واتە کوڕوکچ (لیبیدو)و خۆیان حەواڵەی دایك یان جێنشینی دایك کردوە. جنسیمەعشوقی غەیری کوڕ بۆ کوڕ لەگەڵ جنسی خۆیدا جیاوازە. واتە کوڕ هەر لە قۆناغی ئەوەڵەوە، ژن وەك یاری جنسیخۆی هەڵدەبژێریٚ، لەحاڵێکدا کچ دەبی لەدایکی پەشیمان بێتەوە ڕوو بکاتە باوکی تا بتوانی ڕیگا و شێوەی ژیانی دووجنسی واتە نێرومێی بدۆزێتەوە.

لە قانونمەندی (لیبیدو)دا کچ لە سێ قۆناغ و گۆڕانی بنەڕەتی تێدەپەڕێ تا بتوانێ ڕێگای گەشەی سروشتی تەیکات:

ئەلف= دەبی واز لەدایکی بێنی و دایکی بۆباوکی بەجێبێڵێ.

ب _ بەشی هەرەزۆری دیقەدیقەی قیتکەی بەرەو Vagina پاڵ پێوەنێت.

پ _ کەفوکوڵی هەڵچووی ئەندامی زاوزێی ساردکاتەوە یان پاسیڤی بکات.

بەشێك لەم ئاڵوگۆڕە لە قۆناغی ئەندامی زاوزێدا شکڵی گرتووە و بەشێکیتر لەقۆناغی بلوغیدا. بۆ ئەنجامی دروستی ئەم ئاڵوگۆڕە. قۆناغی پێش قۆناغیئەندامی زاوزێ زۆر گرینگە. ڕابیتەی عیشقی نیسبەت بەدایك ڕەنگدانەوەیەکی گرینگی لەتوانای (شەبیهسازی) واتە لەدایکی خۆیچووی بۆ کچ هەیە. بەلاٚم ئەگەر ڕابیتەی لەگەڵ دایکیدا پڕناخۆشی و دوژمنانە بێت، ڕەنگە ئەم مشکیلەیە پاشان لە گەڵ میردەکەیدا تیکرار بێتەوە واتە ژن سیمای دایکی لە مێردەکەیدا ببینێتەوە. ئاژاوە و دوژمنی دەورانی منداڵی لە ژیانی ژن و مێردیدا دوبارە دوپات ببێتەوە.

منداڵ هەر لەسەرەتای تەکامولیەوە ئارەزومەندە ئاوس بکات و لەدایکی ئاوسبیٚ و منداڵێك بەدیاری پێشکەشی دایکی بکات. دیارە ئەم ئارەزوی منداڵانە بۆ بەخۆداهاتنەوەی مرۆڤی (باڵق) زۆر سەرسوڕهینەرە. پرسیارێکی گرینگ کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەمەیە، هۆی چیە کچ لە دایکی پەشیمان دەبیتەوە و خوو دەداتە باوکی؟ ئایا هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە، بیولوژیکیە؟ یا تێپەڕ بون لە قۆناغگەلی جۆراجۆر دەبێتە هۆی ڕو وەرچەرخانی کچ لەدایك؟ فرۆید قامك لەسەرئەوخالاٚنە دادەنیٚ کە کچ دایکی پێتاوانبار دەکات دەلیٚ:

هەرکام لەم خالاٚنە بەسە بۆ گۆڕانی خۆشەویستی و ئەوین بە ڕق و کینە و دوژمنایەتی: کچ دایکی بەوە تاوانبار دەکات کە ئەو تۆوی مەیل و دیقەدیقەی جنسی لە دڵی ئەودا چاندوە. بەلاٚم بە خۆداهاتن و خۆڕازیکردنی لیٚ مەنع دەکات. خاڵێکیتر ئەوەی کچ پێی وایە دایکی لەچاو براکەی کەمتر خۆشەویستی و شیری بەوداوە. یان لەگەڵ لەدایکبونی برا، یان خوشکی تازەی لەخۆشەویستی ئەو کەم دەکاتەوە. لە وەلاٚمدا پێویستە بوتریٚ، ئایا کوڕیش ئەم گلە وگاز و نیگەرانیەی لەدایکی نەدیوە بیٚ ئەوەی ڕو لە دایکی وەرچەرخێنیٚ؟

جارێکیتر دوپاتی دەکەمەوە ئەمانە هەموی بەهانەیە، شکڵوشێوەی زاهیری کیروگون دەبێتەهۆی ئەوە کچ بۆ نەبونی کەڵوگون دایکی بەتاوانکار بزانی.

کچ دوای دەرکی لەجیاوازی جنسی پێی وایە تەنها ئەوە گەلوگونی پیاوانەی نیە، دایکیو ژنانی دیکەیش خاوەنی گەڵ و گونن.

ئەوسا، کە کچ لەو ڕاستیە تێگەیشت کە دایکیشی وەك ئەو خاوەنی ئەو ئەندامە بایەخدارە نیە، تێیش دەگات کە ئەو و دایکی ناتوانن لە باری جنسیەوە یەکتری =3 بێنیاز کەن و کەفو کوڵی یەکتری دامرکێننەوە. کچ بەو هیوایە ڕو دەکاتە باوکی بەشکەم بیکاتە خاوەنی ئەو ئەندامە بەهادارە.

4 - قۆناغێکیتری حەیاتی جنسی کچ کە قۆناغی بلوغە، بەبڕوای فرۆید منداڵ بەرلە گەیشتنی بە قۆناغی بلوغ  پێویستە لە قۆناغێك تێپەڕبێت کە فرۆید پێیدەڵێ دەورانی شاراوە. دەورانی شاراوە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەس پێدەکات و لە قۆناغی بلوغیدا کۆتایی دێت. لەم قۆناغەدا منداڵ دەتوانی بەشێکی گەورە قۆناغی جنسی منداڵانەی خۆی فەرامۆشکات، کچ لەگەڵ دایك و کوڕ لەگەڵ باوکیخۆی هاوسانکات. منداڵ لەم تەمەنەدا  ئاساتتر بۆ مامۆستاو مرەبی رام دەبێت. ئیتر دۆستی لەگەڵ جنسی موخالف ئەنجام نادرێت خۆڕازیکردن  یان سەرکوت دەکرێت  یان فەرامۆش دەبێت.

بلوغ بۆ کچ هاوکات لەگەڵ قەیرانی جنسیدایە لەم تەمەنەدا ئاڵوگۆڕی جەستەیی و دیقەدیقەی جنسی بەوپەڕی خۆی دەگات، سکسواڵیتتی منداڵانە دوبارە دەژێتەوە و دەسبەکار دەبێت (ئەڵبەتە بە شکڵۆشێوە و ناوەڕۆکێکی دیکەوە).

رووت ماك برون سویك، دژ بە ڕوانگەی فرۆید ئاوا دەڵێ: واگینا لەمنداڵیشدا هاندراوە، بە پێچەوانەی بڕوای فرۆید کە پێیوایە پاش بلوغ توشیحاڵەتی دیقەدیقە دەبێت، دیاردەی دیقەدیقەی واگینا لەمنداڵیشەوە چاوەڕوان دەکرێ.

رووت ماك برون سویك دەڵێ: حاڵەتی دیقەدیقە لە واگینادا نیسبەت دەدات بەدەورانی قنگەنشینەییەوە، واتە بەشێکی پاسیڤی (کۆم) کە توانای دیقەدیقەی هەیە بە واگینای دەبەخشێ. بەبڕوای ئەو توانای دیقەدیقەی واگینا لە دیقەدیقەی قیتکە کەمترە. فرۆید پێی وایە وەرگرتنی حاڵەتی دیقەدیقەی گەڵوگون لە بناغەوە لە دیقەدیقە پەزێری قۆناغی قنگەنشینەییەوە بە ئامانەت وەری گرتووە.

بە بڕوای Helene Deutsch حەسودی نیسبەت بە کیروگونی پیاوانە گرینگە بەڵام بنچ و بناغەی تەکامڵی ژن نیە.

بەبڕوای کارن هۆرنای جێگەی گومان نیە ئەگەر  هەست و ئیحساساتی ژن بە ئەندامی زاوزێی پیاو بەردی بناغەی کۆشکی حەسودی و گشت نابەسامانی ڕەوانی ژن بزانین. کارن هۆرنای بە قەبوڵکردنی حەسودیەکی ئاوەها لە ژن دا هۆکارگەلێکی ئاوەها دێنێتەوە و دەڵێ:

بەبڕوای فرۆید حەسودی دەبێتە هۆی بناغەی ترس و پەرێشانی ژن. کچ لەنەبونی ئەندامێکی وەها گرینگ زەجر دەکێشێ. کارن هۆرنای لە نوسراوەیەکدا کە لە ساڵی1926 دا بەناونیشانی فیرار لە سیفاتی ژنانە نوسیویەتی بەڵگە و شاهیدیەکی دیکە لە ڕوانگەی زانیاریەوە دەربارەی ئەم باسەی شیکردۆتەوە. بە بۆچونی ئەو، فرۆید و هاوکارانی لەڕوانگەی پیاوەوە پرۆسەی ڕەوانی ژنیان شی کردۆتەوە، هەروەها دەڵێ: لەکۆمەڵگای باوکسالاریدا کە تەواوی نرخ، ئیخلاق و هونەر بە کەسایەتی پیاوەوە دەشوبهێنرێ، وە هەتا ئێمەی ژنانیش ناخواستە و نائاگاهانە ئەم میعیارانەمان قەبوڵکردوە و دەیسەلمێنین گشت ئەوانەی لای ئێمە پۆزەتیڤە پیاوانەیە و ئەوانەی نیگەتیڤە ژنانەیە.  بەبڕوای هورنای کچ هەر لە سەرەتاوە بە ناونیشانی ژن بون، ڕەفتار دەکات، ژمارەیەك فاکۆر دەبنە هۆی ئەوە کە کچ لەگەڵ باوکیدا (هەمانەندسازی) و حاڵەتی پیاوانە قەبوڵ بکات. ئەم هەمانەندسازیە لە نەتیجەی ئارەزوی خەوتن لەگەڵ باوکیدا و هەست بە گوناحکردن لە بەرانبەر دایکیدایە، بێجگە لەوەی کچ دەتوانی بەهۆی ئەم هەمانەندسازیەوە تەرك و دوری و ڕەهابونی ئامانجی عیشقی واتە باوکی ئاساتتر قەبوڵکات. (بەنەزەری فرۆید ئەم میکانیزمە لە هەمانەندسازیدا مەوجودە). لەتەلاش و تەقەلایەك کە کچ دەیکات تا خۆی وەك باوکی لێ بکات دەتوانێ دوبارە بەدەستی بێنێتەوە.

کارن هۆرنای ئیشارە بەم مەبەستە دەکات کە فرامۆشکردنی دیقەدیقەی بەشی ناوەوەی ئەندامی زاوزێی ژن بەهۆی ترس و پەرێشانی لەبێمایەیی و ترس لە برینداربون و لە لەتمە خواردنی بەشی ناوەوەی ئەندامی زاوزێی! پیشتریش ئاماژەمانکرد کە هەم کچ و هەم کوڕ لەئەنجامی خۆڕازیکردن لەگەڵ ڕوئیای زیناکردن و خەساندن لەتۆڵەی ئەمکارە(مەنعکراوە) لەوپەڕی ترس و هەراسدان. بە بڕوای کارن هۆرنای قەوارەی زاهیری ئەمدامیجنسی کوڕ ئەو هەلەی بۆکوڕ رەخساندوە بە دیتن و تاقیکردنەوەی لە سەلامەتی گەڵوگونی دڵنیا بێت. بەڵام بۆ کچ ئەم هەلومەرجە وجودی نیە. خۆڕازیکردن تێکەڵاوی ڕوئیا و خاوو خەیاڵی گوناحکارانە واتە (زینا) گەمەی جنسی لەگەڵ منداڵان ئەم دیمەنە لە زەینی کچدا تۆمار دەکات کە ئەنجامی ئەمکارە زیانبەخشە و دەبێتە هۆی بریندار بونی دەرونی و دەردی چارنەکراو بۆ دواڕۆژ. کچ لە وەها حاڵەتێکدا ناتوانێ باوەڕی بە ساغ و سلامەتی خۆی هەبێت تا بتوانی ترس و وەحشەتێکی بێ پایەو ئەساس کە بە هۆی بڕوای بێبناغە توشی بووە لەمێشکی خۆی بسڕێتەوە. کارن هۆرنای بۆ چەسپاندنی ڕوانگەی خۆی یەکێ لەکارەکانی ژوزین میلر بە بەڵگە دێنێتەوە.

ژوزین میلر بە بەیان و بڵاو کردنەوەی ڕوانگەی خۆی لەگەڵ ئەو ژنە دەردمەندانەی بۆچارەسەر کردنیحاڵەتی نێرومێی خۆیان کە بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتیحەسودی بەگەڵوگونی پیاوانەدابون ئاوای نوسیوە: میلر لە ڕێگای ڕەوانکاویەوە لە نەخۆشەکانی خۆیدا بە ئاشکرا تەجرەبەی تەحریك پەزێری واگینای لە دەورانی منداڵی ئەم ژنانەدا دۆزیوەتەوە. ئەم ژنانە حاڵەتی جنسی ژنانەی خۆیان بەهۆی هەستکردن بەگوناح و خاووخەیاڵی (زینا)وە نیسبەت بە باوکیان فەرامۆش کردبوو.

بێجگە لەمەیش کارن هۆرنای بەهۆی تەجرەبەی لە منداڵانەوە پەی  بەم مەوزوعە بردبوو کە هەروەك کچ لە بەرانبەر گەڵوگونی پیاودا هەست بە حەسودی دەکات، کوڕیش بەو ئەندازە ئارەزووی تایبەتمەندیەکانی ژنانە وەك مەمك و کەزیە و زاوزێ دەکات، کەواتە بە بڕوای ئەو ئەم هەرتك حاڵەتە نیشانەی  دوو جنسی ئینسانە.

برێك لە دەروونناسان، پیرۆزمەندی پیاو بەسەر دنیای زانیاری و فەلسەفە و هونەر دا جورێك لە جێنشینی ژناندا دەزانن بە هۆی نەبونی ئیمکان و توانینی ئاوس بوون و زاوزێ، ئەم نوقسانیە لە شکڵ و شێوەی اتلکتوئل دا قەرەبوو دەکەنەوە.

بە بڕوای جۆنز و لایەنگرانی و نوسینی ئنگلیس حەزو ئارەزوی ژن بۆ خاوەنداریەتی کیروگون، بناغەی ئاڵۆزی دەرونی و ڕەوانی ژنان نیە. ئەمە ئارەزوی بەرگری لویروتیك بووە و ناشیە لە ترس و تەوەهومێك کە ڕیشەی لە (عقدە) گرێی ئەدیپ دایە و بە هۆی  (مەحرومیەت) نەبونی لە قۆناغی دەم و مژیندا شکڵی گرتووە.

لە قۆناغی دەم و مژیندا کچ  بە بێ خواستی خۆی  لە دایکی توورەیە، چونکە ئەو ئەندازە شیرەی کچ لە دایکی گەرەکیە لە تواناو مەمکی دایکیدا نیە. کچ لەدایکی نائومێد بووە و نەتیجەی ئەم نائومێدیەش نەفرەت و سادیسم و( گاز گرتن)ە. بە بڕوای "ملانی کلاین" لەم  قۆناغەدا مەمك نیشانگەری دایکە و یا تاوانکار ترین ئەندامییەتی.

نارەزایەتی و بێئومیدی کچ لە مەمکی دایکی ئەو خەیاڵە پوچ و بێ بنچ وبناغەیە لە زەینیدا جێگیر دەکات پێیوایە باوکیشی وەك دایکی خاوەنی ئەندامێکە لە بیچمی مەمکیدایکی بە جیاوازیەکەوە کە مەمکی باوك لەمەمکی دایك باشترە. دوای ماوەیەك کچ کیروگونی باوکی بەو مەمکە خەیاڵیە واتە (مەمکی باوکی) هەمسان دەزانی. کچە پێیوایە بۆیە دایکی گشت شیرەکەی

پێنادا چونکە باوکیشی لەم مەمکە شیر دەخوات، هەروەها بەگومانە لەوەی کە باوکیشی لە ڕێگەی کیروگونیەوە شیر دەرخواردی دایکی دەدات و هەروەهایش گەلوگون و منداڵیش بە دایکی دەبەخشێ، ئەم بۆچون و تێڕوانینەیە دەبێتە هۆی ڕق و کینەی کچ لە دایکی. ئەوسا ئیتر کچ گرینگترین حەزو ئارەزوی ئەوەیە بتوانێ وەك پیاو ببیتە خاوەنی گەلوگون و بتوانی بیکاتە ناوگەڵی دایکیدا ئەوەی باوکی تێیکردوە واتە شیرو کیروگون و ... بیڕفێنی و بۆخۆی ببێتە خاوەنی. بە بڕوای "ملانیکلاین" کچ هەر لە ساڵی ئەوەڵی ژیانیەوە ڕەقیبی دایکیەتیو بۆ وەرگرتنی خۆشەویستی لە باوکی نزیك دەبێتەوە، لە حاڵێکدا بە بڕوای فرۆید و هاەکارانی ئەمقۆناغە سەرەتا لە تەمەنی چوارساڵیدا دەست پێدەکات. جیاوازیەکی‌تری بڕواو بۆچونی فرۆید و مەکتەبی ئینکلیس لەوەدایە کە بەبڕوای پێڕەوانی ئەم مەکتەبە کچ دەترسێ ئەندامی دەرونی ئەو لەلایەن دایکیەوە بکەوێتە بەر ئەشکەنجە و ئازارەوە. ترس و هەراسی کچ لەوەیە کە دایکی بە رازی ئارەزوی شاراوەی واتە ئەوەی بەتاڵان هێناویەتە ناو دەرونیەوە بزانێت و تۆڵەی لێ بکاتەوە هەر ئەوەی لەگەڵ بکات کە کردویەتی، لەحاڵێکدا فرۆید و هاوکارەکانی ترسی کچ لە خەیاڵی پوچی خەساندنی و لەکیسچونی کیروگونی دەزانن.

ئەم دو مەکتەبە واتە مەکتەبی ویەن و مەکتەبی ئینگلیس رەگوڕیشەی ترس و وەهمی ژنانە بە شێوەی جیاوز بەیان دەکەن. یەکێکێتر لەخاڵە جیاوازەکانی ئەم دو ڕوانگەیە ئەوەیە، بەبڕوای ویەن کچ ئاگای لە واگینا نەبوە، دیقە دیقەی ئامرازی جنسی لەسەر قیتکەی کۆ دەبێتەوە، بە بڕوای مەکتەبی ئینکلیس کچ هەر لە سەرەتاوە لە وجودی واگینا ئاگادار بوە و ئارەزومەندە کە ئەندامی زاوزێی باوکی پێدا بکات.

دەربارەی جیاوازی ڕەوان لەنێوان کچوکوڕدا "ملانی کلاین" لەسەر ئەم خاڵە پێ دادەگرێ لەقۆناغی ئەوەڵی تەکامەڵدا ترس و گومان لە جەستەی کچدا زۆرترە تاوەکو جەستەی کوڕ چونکە کوڕ بە ئاسانی دەتوانێ لە چۆنیەتی و سلامەتی ئەندامی زاوزێی خۆی ئاگاداربێت، لەحاڵێکدا، بە دایك بوون، کە نیشانەی کارایی ئەندامی جنسی کچە لە ئایەندەی زۆر دور دا دەمێنێتەوە.

بە پێچەوانەی بڕوای فرۆید ملاین کلاین پێی‌وایە کچ لە کوڕ لە (ئەبەر_من) بەهێزتر و لە زەمیریکی ئیخلاقی بەرز تر بەرخورداره. کچ بە هۆی نەبونی باوەڕ بە سلامەتی ئەندامی دەرونی خۆی و نیاز بە خاوەنداریەتی بەسەر ئەو ئەندامەدا لە دیقەت و تواناو دیتنێکی بە هێز بەرخوردارە، و لەباری ڕەوانیشەوە، توانا و دەرك و ئیحساساتی دیگەرانی‌هەیە، بێجگە لەمەش پێوانەی توانا و مەیلی بە فریب و مەکر و حیلەیشی لێ چاوەڕوان دەکرێ. پاشکۆیی بۆ(ئەبەر_من) وئامادەیی بۆ فیداکاری قوربانی کردنیشی لێ دەوەشێتەوە. ماری‌لانگر دوای شیکردنەوەی هەرتك مەکتەبی فرۆید و ئینگلیس بە وتارێك لەسەر تاقیکردنەوە و ڕەوانکاوی خۆی دەدوێو دەڵێ: زۆربەی ئەو ژنانەی بۆ دەرمان دەچنە لای دوکتۆری رەوانکاو بەر لە هەمووشتێك لە حەسودی کەلوگونی پیاو ڕەنج دەبەن. ئەم ژنانە زۆربەیان هەست بە خەساوی دەکەن و وەك پیاو خۆیان دەنوێنن. بەبڕوای ماری لانگر ئەم حالەتی دیفاعیە لەبەرانبەر ترسێکی قوڵ وسامناکدایە. ترس لە نابوتی ئەندامی شاراوەی کە خۆی ناتوانێ ببینێ. هەروەها ماری‌لانگر لەو باوەڕەدایە کە، هەرتك تیئۆریەکان لە تێگەیشتنی جیاوازی ڕەوانی _ جەستەیی ژن دا بەشێکی فرەو فراوانیان هەیە.

"کارن هۆرنای" لە نوسراوەیەکی‌دا بە ناونیشانی "لەژن ترسان" دەنوسێ لە ئاورێکی کورت لە ئەفسانە مێژوییەکاندا کە ژن لەواندا نەخشیکی خەتەرناکی وێرانکاری گێڕاوە، وەك ژنەجادوگەرەکە، لوورەلای،کە بەشانەکردنی قژە زەردە زێڕینەکەی لەسەر تەپۆڵکەی زاڵ بەسەر لێوارەی بەحرەکەوە، کە کەشتیەوان لەسوێی کەزیەی لوورەلای هەوسی پەرت دەبێ و کەشتیەکە غەرق دەبێ. ئەمە نیشانەی نەفرەت لە ئافرەتە کە بە شکڵ و شێوەگەلێکی جیاواز سینە بەسینە هاتوە و بەیان کراوە.

فرۆید لە باسی تەحریمی بەکارەت دا دەڵێ: تەحریمی بەکارەت بناغەی ترسی نائاگاهانە لە خەتەنە واتە خەساندنە."کارن هۆرنای" ئەم بەیاناتەی فرۆیدی بە نوقسان زانیوە بە بڕوای ئەو ترسی پیاو لە ژن ڕیشەیەکی زۆر لەوە قوڵترێ هەیە. ئەمترسە ڕیشەی لە دەورانی منداڵی پیاودایە. دایك کە وەك مورەبی بەلام نەخشێکی چکۆلەو دیاریکراوی بوە، کۆسپێکە لە سەر ڕێگەی (ئیرزا)ی نیاز و خواست و داواکاریەکانی کوڕ. کوریش بە هۆی نەبونی دەفرێك بۆ نیازی(ئیرزا) بونی Trieb (کەفوکوڵ) هەست بە هەژاری‌و چەپۆکە سەرێ دەکات، جگە لەمانە بە هۆی تەحریکی جنسی واتە دیقەدیقەی گەلوگون بە دوای درزیکداوێڵە ئەندامی زاوزێی خۆی پێداکات، یان بە شێوەی ئاگا و نائاگا و پێش ئاگا بێگومانە لەوەی دایکی خاوەنی وەها جێگەیەکە کە دەکرێ ئەو ئەندامی زاوزێی خۆی پێدا بکات، بەلام بە زویی هەست بەوە دەکات کە ئەو لەبەرانبەر دایکیدا بونەوەرێکی چکۆلەیەو توانای ئەوەی‌نیە تاکو ئەندامی زاوزێی خۆی بە ئەندامی زاوزێی ئەودا بکات. پەی بردن بەم ڕاستیە دەبێتە هۆی هەستکردن بە هەژاری و لاوازی خۆی، ئەم هەستکرنە بەو بودەڵەییەی کوڕ دەبێتە هۆی ئەوە کە دایك ببێتە ئامانجی تۆڵە و هیرشی کوڕ، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی هەڵڕشتنی ڕق و کینەی دورونی خۆی لە پێوارەوە بە دایکی و پێی وایە دایکیشی وەك خۆی، نیسبەت بەئەو کەوتۆتە حاڵەتێکی دوژمنانەوە دەیخاتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە. دەرونناسێکی دیکە Berger پێی‌وایە پیاو لە گەورەساڵیدا ئەوحاڵەتەی نیسبەت بە ژن هەیە کە دایکی لەمنداڵیدا نیسبەت بەو بویەتی. واتە ئەو لە گەورەساڵیدا حاڵەتی تێکۆشانی دەسپێ‌کردوە و ئەوەی ئەو لە دەورانی منداڵیدا بە شێوەی پاسیڤ تەحەمولی کردوە ئێستا دەربارەی ژن ئەنجامی دەدات. واتە لە ژن ئەو منداڵە لاواز و بێهێزە دروست دەکات کە خۆی زەمانێك وەهابووە.

بێگومان سروشتیە و بەڵگەگەلێکی دیکەیش لە شکڵ و شێوە و ڕوانگەی پیاودا نیسبەت بە ژن زۆر زەق و بەرچاون. لە پلەی یەکەمدا (هەماننندسازی) چوونە پێستی باوکەوە و کەسایەتی و ڕابیتەی باوك لەگەڵ دایکدا.

هەروەها رەوانکاوی ڕەنگە لە زۆر لایەنەوە وەلامی زۆرێك لەو پرسیارانە بێت کە دەربارەی ژنان هەیە؟. بۆچی هەستی حەسودی نیسبەت بە گەلوگونی پیاو لە زۆربەی ژناندا هەیە؟ بۆچی ژن لە پلەو پایەی باشتری کارو ژیان چاوپۆشی کردوە و توانای داهێنان و ڕاهینانی خۆی نەخستۆتە گەڕ؟ بۆچی حاڵتی پەست تری بۆ خۆی قەبوڵ کردوە و پلەو پایەی نزمتر لە پیاو تەحەمول دەکات؟ بۆچی لە بەرابە سەرکوت و چەوسانەوەدا نایەتە جواب.

## کۆتای

**نوسینی پەروانەی قورەیشی وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە عەلی کیتابی**

## سەرچاوەکان


1 1 = ڕەوانشناسی رەفتار غەیرە عادی ( مرصی)
2 2 = سکسوالیتت و مادری 1987 = ماری لانگر
3 3 = سکسوالیتت زنانە Melan Klar

# نامەیەك بۆ پەروەردەكاران و باوكان و دایكانی منداڵان!
## نامەیەكی مەزن و ناوێكی چكۆلە!

**كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەكانی**
**دەروونناسی منداڵان و لاوان**
**گردو كۆكردنەوە و نوسینی**
**ئەفســەری فەیــزی**
**وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ كوردی**
**عەلی كتابـــی**

## بەشی دوهەم

**درس استاد اگربود زەمزەمە محبتی    جمعه بمكتب اوەرد تفل گریز پائیرا**

وانەی مامۆستا گەر تیكلاوی زەمزەمەوشادی بێت
ڕۆژانی هەینی دێنەوە منداڵانی ترسەنۆكی هەڵاتوو

### 5 = منداڵ دەبێ منداڵی بكات

منداڵ ئەوەندەی نیازمەندی بژیو و نۆشین و پۆشینە، ئەوەندەش پێویستی بە نەوازیشە و ئەوەندەش بە خووخدەی منداڵانەیە. بەپێچەوانەی خواست و ویستی زۆربەی ئەو بنەماڵانەی پێیان وایە منداڵەكانیان هەموو كردار، ڕەفتار و هەڵس و كەوتێكیان بە شێوە و ڕەوشی ماقوڵ و مونەزەم وەك ژنان و پیاوانی جێكەوتە گشت ڕێو ڕەسمێك كە سالارەژنان و گەورەپیاوان ئەنجامی دەدەن ئەوانیش هەر ئەو هەڵس و كەوتە لەخۆیان پیشان بدەن و خۆبنوێنن. بەم خواست و نیەتەوە منداڵەكانیان لە چوارچێوەی ئاداب و رەسم و یاسای (تەعەسوباتی) وشك و ڕەق و تەقی غەڵەتی فیركردن و بارهێنانی كۆنەپەرستانە دا زیندانی دەكەن.

پێویستە منداڵ بەشێوەیەكی پۆزەتیڤ منداڵی بكات و لەناو دنیای منداڵیدا گەشەبكات. منداڵیكردن نابێتە كۆسپ بۆ فێربونی ئەدەب و نەزاكەت. منداڵ دەتوانێ هاوكات لەگەل كار و كردەوی منداڵانەی خۆیدا كەموكوڕی نیاز و خۆشەویستی خۆی كەتوانای دەربڕینی نیە، بە لاسایی كردنەوە و كردەوەی منداڵانە خۆی تاقی بكاتەوە، لە گوزاری پڕۆسەیەكدا دەتوانی خۆی بۆ كەسایەتیەكی بەتوانا و سەربەخۆی ئایەندە ئامادە بكات. بەو مەرجەی باوكودایكو مامۆستاو مرەبییەكەیشی هاوكات و پابەپای ئەو لەم پرۆسەیەدا بۆ وەدیهاتنی ئاوات و نیازی ڕەنگە سەركوتكراوی بە هەڵویستگەلێكی سالم و سەحیح، لەبەرانبەر دیاردەگەلێكی كۆمەلایەتی، بەشێوەیەكی شیاو پەروەردەی كەن. ئەگەر منداڵیكردن ئاوا خۆلاسە كەینەوە كە، منداڵ دەبێ بەشیوەی ئازاد و پۆزەتیڤ و بە(مەرج) لەگەڵ هاو سنوسالانیدا هەلس و كەوتێكی باشی هەبێت، لەگەڵ ئەواندا یاری بكات و كونجكاو بێت، ئازادانە و بێترس تەوەهەم بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێت و لەناو قسەو باسەكانی باوكودایكیدا بەئەداو ئیتواری منداڵانەی دەخاڵەت بكات، چاوەڕوانیەكی منداڵانەی لە دایك و باوك و دەورو بەری هەبێت، پێبكەنی، بگری، بتۆرێ، ڕك بگرێت، شەیتانی بكات، جێگەی ئەسپابی یاریەكانیو نیازمەندیەكانی بە دڵخوازیخۆی هەڵبژێرێت. بەداخەوە دەبێ بڵێن دایكوباوك و مرەبی و مامۆستاكان بۆ پێشگرتن بەمجۆرە كارانە، بەشێوەیەكی نادورست وەك پیاهەڵشاخان و تەمێی جەستەییو زۆر لەمپەریمەحكەم و مەنفی و زیانبار، لە بەرانبەر نیازو ئارەزوی منداڵدا دادەمەزرینن و چاوەڕوانیەكی پیچەوانەی ڕەفتاری منداڵانەیان هەیە. لەڕاستیدا ئەمە ستەمێكی گەورەیە دەربارەی منداڵ. گەرچی "مەنتیقی" ئەوان لەسەر ئەم ئەساسە سەقامگیرە، كە ئەگەر منداڵ بەم حاڵەت و ڕەفتارانەوە گەورە ببێت بە شێوەی كەسێكی بیتەربیەت، بێپرینسیب بێبەندوبارەوە دەچێتە ناو كۆمەڵگاوە.

لەڕاستیدا ئەوەی ئەوان وەك شاهیدی ڕوداوەكان دەیهێننەوە ڕوانگە كەیان وەك مەنتیق دەنوێنی، بەلام حەقیقەت ئەوە نیە كە دایكوباوكو مرەبی لەڕوانگەی ممەنتیقی فكریەوە 14وەك بەڵگە دەیهێننەوە. دیارە ئەوە زۆر سروشتیە ئەگەر منداڵێك بە هۆی كردەوەی منداڵانەیەوە، بەتەواوی ئازادبێ كە تەمەنی دەچێتە سەر ئەوسا كۆنترۆڵ نەكرێت، غەریزە وخواست و ئارەزوە كانی بەراوەردە نەكرێ. ئارەزو و غەریزەی سەركوتكراوی گۆنگ و گوم و نادیار بمێنێتەوە، ئەوسا نەتیجەیەكی زۆر خراپی دەبێ.

كەوایە زۆر بەجێیە بەدڵنیاییەوە لەمامۆستایان و پەروەردەكارانی خۆشەویست بخوازرێن، لەكەلاسیدەرس و لەكاتی دەرس وتنەوەدا نابێ هیچ جۆرێك توڕەیی و توندوتیژی بەكار بێنرێ، چونكە مناڵەكان بەتایبەت مناڵانی ناو پۆلە سەرەتاییەكان، لەترسی مامۆستا حەزو ئارەزوی مناڵانەیان لەدەرونی خۆیاندا مەخفیو سەركوت دەكەن. ئەگەر بەوردی دیقەت بدرێت بەڕۆشنی دەردەكەوێت كەئەو ئاواتو ئارەزوە درونیە شاردراوە و ناو كەلاس چۆن لەكاتی زەنگی پشووی كاتیدا چۆن بەشێوەی نیمچە شۆرشگەلێكی چركەیی و جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ. با جارێ سەركوتكراوەی ئەم باسەو كاردانەوەی "داهاتووی" بخەینە دواوە.

ئایا چ زەرەرێكی هەیەن هەموو ڕابیتەی نێوان قوتابی و مامۆستا و قوتابی، دایك و فرزەندانە و باوكو فرزەندانە و هاوڕێیانەبێت؟ ئایا قوتابی بە موناسەباتی هاوڕێییانەی نێوان خۆیو مامۆستاكانیەوە ناتوانی پابەندی نەزم و دیسیپلینی قوتابخانە بێت؟ بێگومان ئاكام و نەتیجەی پۆزەتیڤ لە هەڵویستی دۆستانە و خۆشەویستی نێوان مامۆستاو قوتابیەوە دەخولقێ و ئاڵۆزی و توندو تیژی دەتارێنری. باشتر وایە قوتابی، ئێمەی مورەبیو مامۆستا وەك دایكو باوكی دلسۆزی خۆی بزانی نەك وەك میرغەزەبێك بە سەر سەریەوە بێترسێنێ وانەكانی وەك دەرمانێكی تاڵ بە زۆرەملێ دەرخوارد بدات. مەگەر وەزیفەی ئێمە مامۆستایان و مرەبیان تەنیا چەند ووشە دەرس وتنەوەیە؟ ئەویش بە هەڕەشەو گوڕەشە؟ مەگەر دوزیفەی بنەڕەتی ئێمە بارهێنان و فێركردنی منداڵان نیە.؟

ئایا لەجیاتی "میهر و موحیبەت" خۆشی و خۆشەویستی؟ بە هەڕەشە و ترساندن و تۆقاندن دەتوانرێ بەشێوەی دروست منداڵ پەروەردە كرێت.؟ مەگەر گشت منداڵان لەناو بنەماڵەكەیاندا لەشەربەتی خۆشەویستی تیر و تەسەلن، كە ئێمە ئەو وەزیفە گرینگ و گرانە، كە میهر موحیبەت و بارهێنان و فێركردنە وەلاینێین و فەرامۆشی كەین؟ بڕواتان بێت نا. ئەگەر بڕوا ناكەن، بڕێك خۆشەویستیو دۆستی پێشكەشی قوتابیەكانتان بكەن، ئەوساباوەڕ دەكەن كە وایە. پێویستە منداڵان بەرەو ڕێگە و ڕەواڵێكی رۆناك و پڕ لە شادیوخۆشی تێكەڵاو خویندن خوێندنەوە و فێركردن و بارهێنان هان بدرێن. دیسان پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە "كە" منداڵ دەبێ ئازادانە لە پرۆسەی منداڵی خۆی تێپەڕبێ، بەلام نەك بە شێوەی بێ مەرج و سنوور. هەر وەك مناڵینەكردن بۆمنداڵ زەرەری زۆرە، مناڵیكردن بە ئازادی و بێسنوورو بێبەندوباریو بێكۆنترۆڵی دایكو باوكو مامۆستا و مورەبییش، زەرەرو زیانی بۆ دواڕۆژ زۆرتر و فراوانترە.

### 6 منداڵانی گێل و كەم هۆش

لە پۆلەكانی سەرەتایی و ناوەندیو هەتا زانكۆكانیشدا، بینراون ئەو مامۆستاو فێركارانەی كە لەگەڵ شاگردەكانیاندا حەوش و حواڵەی قوتابخانە و زانكۆیان كردۆتە پێگەیەكی پڕ لە وتە و وانەی شیرین و شادیهێنەر و دۆستانە،

دەستاوەردی كارەكانیان لە لایەنی وەرگرتن و تۆماركردنی زانستی و زانیاری قوتابیو خویندكارەكانیان، زۆرباشتر لەو مامۆستا و پەروەردەكارانە بوون كە بەشێوەی توندوتیژیو هەڕەشە و ترس وتەمێ، قوتابخانە و زانكۆكانیان بەڕێوە

بردوه. ڕەنگە قوتابی بە هۆی ترس و گومانێك كە لەدایكوباوكو مامۆستا و مورەبیەكەی هەیەتی بڕێك لەو پرسیار و ئەرك و وەزیفەی بەزۆر بۆی دیاری كراوە، بە ناچاری لەبەریكات، بەلاّم لەبەر ئەوەی گشت حەز و ئاوات و ئارەزوی لەترسان لەدەست داوە، لەمەبستە زانیاریەكان تیٚناگات ناتوانیٚ لە بەشی تۆمارگەی مێشكیدا تۆماریان كات. پێویستە دایكوباوكانی هێژا لەماڵەوە و مامۆستا و مرەبی‌یە ئازیزەكان لە قوتابخانە و زانكۆكاندا بەباشی تێبكۆشن ماڵ و مەدرەسە و زانكۆ بكەنە شوێنێكی ئەمن و ئەمانی پڕ لەراستی و سەفا و دۆستی نێوان منداڵان و دایكوباوكو، شاگرد و مامۆستا و پەروەردەكاران. ڕەگی ترس و گومان و بیٚباوەڕی لە ناو میشك و دڵ و دەرونی منداڵ و قوتابییەكاندا ڕیشە كێش كەن و تۆوی خۆشویستن، خۆشەویستی، ڕاستی و دروستی، خۆناسین و باوەڕ بەخۆبون و بەیەكبوون، لە مەزرای حەز و ئارەزوی منداڵان و شاگردان و خوێندكاراندا، دابچێنن. تا منداڵ و 16قوتابیو6خویندكارانیش بتوانن بە خەیاڵێكی ئاسودە و بیٚ دەغدەغە مێشك و بیر و هۆشیان بۆ وانە و وەزیفەكانیان بخەنە كار، ئەوسا ئیتر وا بیر نەكەنەوە كە ئەگەر وشە، یان مەتڵەبێكیان نەزانی، دەكەونە بەر هەڕشە و گوڕەشە و كوتەك و تانە و توانجی دایكو باوكو، مامۆستا و مورەبی؟ ئەگەر دایكان وباوكان هەستیانكرد كە بەهۆی كەش وهەوایەكی ناسالمی دەورو بەریان، منداڵەكانیان توشی ترس و گومان بوون و لە شتێك دەترسن، پێویستە بەو پەڕی وشیاریەوە منداڵەكانیان لەو ترس و گومانە ڕزگاركەن. دڵنیابن ئەوە دواكەوتویی و كەم هۆشی‌یە دەبێتە هۆكاری ئەوكۆمەڵە ترس و گومانانە. پێچەوانەكەشی دڵسۆزی، خۆشەویستی و پێكهینانی كەش و هەوایەكی پڕلە زەوق و شەوقە دەبێتە هۆی بیركردنەوە و تێڕوانینی سالم و بەهێز و فراوان و درەخشان.

هۆیەكی دیكە كە لە بەهێزكردنی بەشی (بایەكانی) میشك و هۆشی منداڵانی گێل و كەم هۆشدا شوینەواری دەمێنیٚ زۆر تیكرار كردنەوەیە، واتە چەندپاتكردنەوە دەبێتە هۆی فەراموۆش نەبوون. مامۆستا و مورەبیانی ئازیز كاتیٚ لە پۆلەكانی سەرەتایی‌دا كە دەبنە بەرپرسی وەها منداڵانێك، واتە منداڵانی گێل كورت بین و كەمهۆش. دەبیٚ بە كاركرد و كاردانەوەی ئەندێشەی خۆیان، چەندپات كردنەوە فەرامۆش نەكەن. ئەڵبەتە زۆربەی منداڵان دەربارەی گشت (یەكەكانی) وانەیی نیشانەی كەمهۆشیان پێوە دیار نابیٚ، لە بڕێك لە وانەكانیاندا باش دەچنە پێشەوە. بڕێكیان دواكەوتویی و كەم و كوڕیان هەیە. بۆنمونە بڕێكیان لە دەرسی ماتماتیكدا تواناییان هەیە، دەكریٚ بە پرسیار و مەسایلگەلێك كە لەگەڵ توانا و تێگەیشتنیاندا دەگونجیٚ هاندریٚن، كاتێك كەم كەم خووگرتن بەكاری فێربون لەمێشك و لەشیاندا شكڵی گرت، بەفێر كردنی پرسیار و مەسایلی تازە و هەمەلایەنەی چەندپاتكراوە و هەر چەند ڕۆژ جارێك بە ئاڵوگۆڕی ژمارە و وشەو ڕستەگەلێك كە تەنیا ماناو مەفهومی پرسیار و مەسایلی پێشووی پێوە بێت تەنیا شكڵ و دیمەنی تازەی پێوە دیاربێت، دەبنە هۆی بەهێز بونی زەین و مێشكیان.

دیسانەوە (وەسیەت) دەكەم، بۆسوود وەرگرتن لە (تیكرار) واتە چەندپاتكردنەوە بۆ پێكهێنانی عادەت و عەشق و عەلاقەی ئەو جۆرە منداڵانە و بۆ هاندان و ئاسانكردنەوەی

پێویست دەبی بەكار بهێنریٚ، چونكە توندوتیژی و هەڕەشە و گوڕەشە، هەتا بە دەلیل و بورهانەوە بێسود و سەمەرە.

دایكان و باوكان و مامۆستا و مورەبیانی ئازیز بینیویانە مناڵانێك كە لە بەشی(ئیملا)ی فارسی دا دوادەكەون؟ تەنیا بە هۆی چەن دپاتكردنەوەی مەشق و نوسینی زۆر توانیویانە بچنە پێشەوە و نمرەی باشتر وەرگرن، كەوایە نابیٚ قەت كەڵكی دوپاتكردنەوە بەتایبت بۆ منداڵانی گێل و كەمهۆش فەرامۆش كەین.

پێویست بە یاداوەری‌و جێگای سەرنجە، هۆش و زەینی منداڵ وردە وردە پەرە دەگریٚ‌و گەشەدەكات، خۆ ناكری بە پێی پیادە و بە تاقە شەوێك ڕێگای سەدساڵە تەی كرێت. دڵنیابن ڕازی گرنك و سەرەكی لەم نوكتە دا شاراوەیە (كارنیكۆ كردن از پڕكردن است) واتە (هۆی كاری باشكردن لە زۆر كردنەوەیە) واتە هەركارێك هەرچەند زۆر تر دوپات بكرێتەوە زۆرتر و باشتر و بەكەڵكتر دەبێت. بێگومان، گرینگترین هۆی كاری باشی میشك و هۆشیش (تەمرین) واتە زۆر مەشقكردن و زۆر چەندپاتكردنەوەیە.

هۆكارێكی دیكەی گەشەی‌مێشك و هۆشی منداڵ بەخشینی ئازادی مەرجاویە، كە پێشتر

لە خاڵی دوهەمی ئەم باسەدا نوسراوە، تەنیا ئەم چەند جوملە بۆ یاداوەری بە پێویست دەزانم. ئەگەر مناڵانی ژێر سەرپەرستی و قێركردن و بارهێنانی دایكان و باوكان و مامۆستا و مورەبیان لە جموو جووڵ و زرمەجلیٚ و یاری منداڵانەی ڕۆژانەی منداڵانەیاندا، بە ئازادیەكی مەرجاویەوە نەبێت، ئەوا منداڵانێكی بێهێز و شەرمنیان لیٚ دەردەچیٚ كاركردیكی فیكری و جەستەیی ئەوتۆیان نابێت. ئەوجۆرە منداڵانە جگە لەكەمی گەشەی هێزو توانای بەدەنی، قەوارەیەكی نارێك و ناهەمواریشان دەبێت و لایەنی هیزی هۆش و بیركردنەوەشیا زۆر لاواز و بێهێز دەبێت.

## 7 منداڵانی تەرا و كۆشەگیر

بڕێك لەمنداڵان لایەنی میكانیزمی جەستەو شێوەی زاهیریان كەم و كووڕیەكی بەرچاویان پێوە دیارە. بە داخەوە ئەمجۆر منداڵانە زەمینەی بەدبینی، بەدگومانی، حەسودی دەرونی و هەست بە پەستی و (حقارت) كردن و گۆشەگیریان تێدایە. بەر لە گشت كەس و لایەنێك وەزیفەی دایكان و باوكان و مامۆستا و مورەبیانە كە بە پێكهێنانی ڕابیتەیەكی سادقانەو سەمیمی و خۆشەویستیەكی بەهێز لەناو ڕۆح و ڕەوانی منداڵاندا مەحكەم و جێگیر بكەن.

**تن ادم شریف است بەجان ادمیت نە همین لباس زیباست نشان ادمیت**
**اگرادم بەچشم است و زبان و گوش و بینی چە میان نقش دیوار و میان ادمیت**

**جەستەی مرۆڤ، بە ڕۆحیەوە شەریفە**
**جل و بەرگی جوان نیشانەی مرۆڤ، نیە**
**گەر مرۆڤ، بە چاو، زمان و گوێچكەو لوتە**
**فەرقی نێوان لەش ولاری مرۆڤ، و دیوار چیە؟**

كاتیٚ تۆ ڕەوانی منداڵ بە زێڕ وزێوەر و مەعنەویات بڕازێنیتەوە. ڕواڵەتە زاهیریەكەی مانا و مەفهومێكی نابێت. ئەوانە بە چاوی خۆیان دەبینن كە چۆن لەناو خەڵكانی دەور و بەر و كۆمەڵگادا پێشوازی و ستایشیان دەكریٚ!؟ بە پێچەوانەوە، ئەو هاو سن وساڵانەیان كە خاوەنی قەد قامەتی ڕێك و پێك و شكڵ و شەمایلی شیك و شیرین و بیٚ عەیب و عارن، بە بۆنەی نەبوونی ڕەوانێكی سالم و كەسایەتیەكی بەرز و خوو و خدەی پەسەند و سیفاتی مەعنەوی‌یەوە، لەناو هاوەڵ و هاوڕی‌كانیادا مەتروكن و جێگایان نابێتەوە. رەنگە ئێوەیش ژنانێكی درزێو و قەد و قەوارەی ناشیرینی زۆرتان بینی‌بێت كە بەهۆی خوو و خدەی جوان و ژیانێكی شاد و پڕ لە (ڕەفاە)و بیٚ‌دەغدەغە لە پەنای مێرد و منداڵی خۆیاندا دەژین و ژیان دەبەنەسەر. بەڵیٚ:

**صورت زیبا بزاهر هیچ نیست ای برادر سیرەت زیبا بیار**
**ڕواڵەتی جوانی بەزاهیر هیچ نیە كاكی‌خۆم بچۆ خووخدەی جوان بێنە**

فێرکاران و مرەبیانی خۆشەویست: تێبکۆشن قوتابیە زیرەك و کۆشا و دەرسخوێنەکانتان هان بدەن و خەڵات بکەن و شاگردانی لاواز و کەم توانایش لە بەرەکەتی خۆشەویستی خۆتان بێبەش مەکەن، چونکە پلەو پایەی مەعنەوی مامۆستایان لە ڕوانگەی قوتابی و خویندکارانەوە زۆر لەوە بەرزترە کە ئێمە دەیزانین، کاتێك قوتابی

هەست بکات کە لەلایەن مامۆستاوە پشتگوێخراوە و ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لێ نادرێتەوە دەڵێی دنیا بەسەریدا ڕوخاوە، پێی وایە ئیتر ئەو فەرامۆشکراوە، بەم هۆیەوە بێجگە لەوەی لەلایەکەوە لەخۆشەویستی مامۆستا بە هاو شاگردەکانی، تووشی بەخیلی،حەسوودی دەبێت، لەلایەکیتریشەوە کە وەکوو هاوکەلاسە زیرەك و کۆشاکانی خوشەویستی مامۆستاو هەمووان نیە، پێیوایە هەڵواردنێك لەنیواندا هەیە. ئیتر کەم کەم هەست بە تەریکی نێوان خۆیو هاوقوتابیەکانی دەکات و بەرەو گۆشەگیری دەکشێ. ئەمە پێچەوانەی ڕەوشتێکە کە بۆفێرکردن و بارهێنان دەبی بەکار ببرێت.

## 8= حەسوودی

نەکا: بەهۆی هێنانە کایەی ڕکەبەری بۆ سەرکەوتن و پێشەوە چونی قوتابیان لەبوارەکانی خویندن و هونەر و وەرزشیدا یەکێك لە منداڵەکانتان وەك کوتەکی سەرزەنشت بۆسەر مناڵێکیترتان بەکاربێنن. چونکە ڕەنگە بەکارهێنانی داری سەرزەنش و تانەو توانجی برا بە سەر برادا یان خوشك بەسەر برادا، یان قوتابی بەسەر هاوقوتابیدا. هەروەها نەکا کارە باشەکانی هاوسن وسالان و هاو قوتابیەکانیان وەك کوتەکی سەرکۆنە و سەر زەنش بە سەر یاندا داباریێنن. منداڵ لە وەها هەل و مەرجێکدا پێویستی بە ئەمنیەت و دڵخۆشی دانەوە و هاندان هەیە. تەوس و تانە و تەشەر و سەرزەنشی دایکوباوکو مامۆستاو مورەبی، نەك ناتوانن تاقە هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتنیان بەرن بەڵکو زۆرتر بناغەی حەسودی و ڕکەبەریان مەحکەمتر دەکەن.

ئەڵبەتە مامۆستاو مورەبیان بێجگە لەبەرچاو گرتنی ئەمحاڵەتە دەبێ لەشێوەی ڕەفتار و کرداری نێوان قوتابی و دایکوباوکیان ئاگادار بن و لەمبارەوە زۆر جیدی و بەدەربەستانە ڕێنوێنیان بکەن تا دیواری حەسودیان تێکبڕوخێنرێ لە گشت بوارێکدابپەڕنەوە و گەشە بکەن و بەرەو پیشەوە بڕۆن.

چاوەڕوان دەکرێ مامۆستایان و پەروەردەکان ئەگەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا تووشی قوتابیەکی حەسوود و ڕق ئەستور دەبن کە حەسودی و ڕق ئەستوری بۆتە ماکەی توخسی و ئاژاوە گێڕی ناو قوتابخانە، نابێ وەڵامەکەی تەرك و تەمێ و توندوتیژی بێت چونکە ئەمجۆر قوتابیانە بەر لە هەموشتێك پێویستیان بە دوستی دڵسۆز و میهرەبان و هاوزمانێك هەیە کە بچێتە ناو دڵو دەرونیان و لە تەریکی و تەنیایی دەرییان بێنێ. هەر وەها ئەگەر بنەماڵەی ئەم جۆرە منداڵانە تواناو تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان ببوایە بەرگریان لە حەسوودی منداڵەکەیان بکردایەت، ئیتر منداڵی بەستەزمان بۆچی دوچاری ئەم دەردە

دەبوو. کەواتە ئێمە بێجگە لە پەروەردەکارانی دڵسۆز و بە دەربەست، دەبی چاوەڕوانی کێبکەین کە پزیشکی نەخۆشی رۆح و ڕەوانی منداڵانی کۆمەڵگاکەمان بن.؟

ڕەنگە، ڕەحم و خۆشەویستی لەڕادە بەدەر بە منداڵی حەسوود، ببێتە هۆی زۆرتر بەهیزبونی حەسوودییەکەی. واتە حوسوودی لە حەسوودیدا. کەواتە ڕەحم و موحیبەت لەپێشچاو منداڵی حەسوود بە منداڵیکی دیکە مەکەن تا نەبێتە هۆی هاندانی (عصبی)

منداڵی حەسوود و حەسوودیەکەی بەهێزتر و خەتەرناکتر نەبێت.

## 9= منداڵانی دز و درۆزن

کامانەن ئەوهۆکارانەی منداڵ تووشی و دزی ودرۆ کردن دەکەن.

1-9 . ترس و بێ بڕوایی هۆکاری سەرەکیە. کاتێك قوتابی لە یەکێ لە تاقیکاری دەرسەکانیدا نمرەی کەمتر دێنی، لەبەر ئەوەی دەزانێ لەلایەن دایکوباوکیەوە لێی دەپرسنەوە، پەڕاوی تاقیکردنەوەکەی گوم و گۆڕ دەکات. کاتێك دایکوباوك دەربارەی ئەو پەڕاەە پرسیار پێچی دەکەن، پەنا بۆ درۆ دەبات، مەسەلەن دەڵێ: ئیمڕۆ مامۆستاکەمان نەخۆش بوو نەیتوانی ئیمتیحانمان لێ وەرگرێ. ئەگەر لەقوتابخانەدا منداڵان شۆر و شەوقێکیان بە ئەنجامدانی (تەکلیف) واتە ئەرکی دیاریکراوی سەرشانیان نەبێت، بەهەڵکەوت ئەگەر جارێك بەهۆی خەتا یان هەڵیەك کەوتە بەر تورەیی ە ناڕەزایەتی مامۆستا و مرەبی، ئا لەوحاڵەتەدا ئەوانی بە یارو یاوەر و دڵسۆز و مشکیل گوشای خۆی نەزانی، وردەوردە بە دڵگەرمی بە دەربەستی زیاترەوە بۆ ئەنجامدانی وەزیفەکانی تێدەکۆشێ و زیاتر خۆی بە بەرپرسی ئەو کارانەی پێی سپێرراوە دەزانی هەست بە مەسئولیەت دەکات. بیگومان کاتێك هەستی بەسئولیەت و ئەرکی سەرشانی کرد و لە خەوی غەفڵت ڕاچلەکی ئیتر پێویستی بە پەنابردن بۆ درۆ نامێنی، ئەوسا ئیتر بەبێ ترس و دەرۆ و دەغدەغە، هۆی دواکەوتن و ئەنجام نەدانی تەکلیفەکانی بە دایکوباوکو مامۆستاو مورەبی و دۆست و هاوەڵەکانی ڕادەگەیەنی. مامۆستا و پەروەردەکاری باش

کەسێکە کە لەم کەش و هەوای خولقاو و کاروبارە کەڵك وەرگرێ، تیکلاویك لە عیشق و عەلاقە و ڕودەربایسی بکاتە هۆکاری گەشەی تواناو تێکۆشانی قوتابیەکانی.

29 تەقلید لاسایی کردنەوە. لێرەدا ئامانج باس لەسەر ئەومنداڵانەیە تاکۆتایی تەمەنی مێرمنداڵیان بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لاسایی باوکودایکو مامۆستاو مورەبیەکانیان دەکەنەوە. بێگومان وتار، کردار، کەسایەتی و پرنسیبەکانی دایکوباوکو مامۆستاومورەبی لە شکڵکرتنی کەسایەتی و پرنسیبەکانیاندا بەگشتی ڕەنگدەداتەوە.

3=9 هەژاری یەکێکیتر لەهۆکارەکانی دزی هەژارییو نەداریە. بەزۆری و بەتایبەت لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا بینراوە کە منداڵانێك کە شتێکی بەهادار بە هاوەڵە قوتابیەکانیانەوە دەبینن، کەباوکودایکی ئەمان بەهۆی هەژاری و نەداریەوە قەت ناتوانن بۆیان بکڕن، بە دزیەوە لە هەگبەی هاوشاگردە داراکانی دەر دێنن، بێئەوەی بتوانن لەوشتە کەڵك وەرگرن، لەپێوارەوە دەیشکینن یان گۆڕو گومیدەکەن. لەڕاستیدا ئەمجۆرە کارە، دزی و خرابکاری و لەبەین بردنە. ناکری تەنیا ناوی (دزی) لێبنرێت. بەداخەوە هۆی سەرەکی ئەمکردەوە دزێوە، لە جۆرێك حەسودی و تۆڵە سەندنەوە سەرچاوە دەگرێت، کەمنداڵ بەهۆی هەژاری و نەداریەوە لەبەرانبەر منداڵانی دارا و دەوڵەمەندی هاوشاگردی خۆیەوە دەیخولقێنی. پێویستی ئەم جۆرە منداڵە فەقیرانە زیاتر لە تەئمینکردنی ئابووری و لەبەین بردنی هەژاری ئیخلاقیە. چونکە ئەگەر (فمادی خاوەنی

زەرەز و سەدەمەی ڕەوانی بێت، (فقراخلاقی) هەژاری ڕەوشتی خاوەنی زەرەر و زەربەی رەوانی و رۆحی و دەیان دەردی دیکەیە.

منداڵانێك هەن کە لە باری ئیمکاناتیماڵییەوە هیچ کەم و کوڕیان نیە. بەڵام بەهۆی(فقراخلاقی) هەژاریڕەوشتییەوە تووشی(انحراف) لاڕێ و هەڵدێرگەیەك، یاباشترە بڵێین لە زەلکاوێك چەقیون هێندە گەورە و وەحشەتناکە لەگەڵ دزی و درۆ دا قەت بەراورد ناکرێ.

هەروەها ئەگەر مامۆستاو مورەبیانی بەرێز بتوانن ڕەوشت بەرزی لە جێگای بێڕەوشتیدا جێگیر کەن، هیچ شوێنووارێکی دزێوی دزی، حەسودی و بێڕەوشتی لەسەر ڕەوان و ڕێگەی بارهێنانی منداڵانی لێ بەجێ نامێنێ کە شیاوی باس و وتووێژ بێت.

10- **لکنت زبان**: واتە گەی گرتن!

یەکێ لە ڕووداو و پێشهاتەکان کە دەبێتە هۆی (گەی) گرتنی منداڵ لە قسە کردندا، 22

شوێنەواری پەروەردە و ڕەفتاری نا دروستی دایك و باوکە، کە دەبێتە هۆی لەکیسچوونی (تکلم) واتە ئەندامی دەربڕینی نیاز و ئارەزوی منداڵ. هەروەها گەی گرتن جاروبار بەشێوەیەکی سووك، برێك جاریش زۆر بە شیدەت دەبینرێ. ئەڵبەتە سەرڤ نەزەر لە هۆکاری "وەراسەت" باسی ئەو هۆیانە دەکەین کە مامۆستا و مورەبیانی ئازیز بێجگە لەوەی لە توانایاندایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە باوکودایکی شاگردەکانیشیان ڕێنوێنی بکەن.

10=1 = هەست کردن بە ترس و وەحشەت: کەبە شێوەی جۆراو جۆر لەواندا سەرهەڵدەدات، ئەگەرمناڵ لەکاتی قسەکردندا گاڵتەی پێبکرێت، جۆرێك ترسدایدەگرێت. ئەمجۆر ترسە لەکاتی قسەکردندا هەست پێدەکات، چونکە ئەو جۆرە ترسە کاتێك لە دەرونی منداڵدا ڕەگ و ڕیشە دادەکوتێ کە لەوەختی قسە کردندا بە گاڵتە و مەسخەرەوە هێرش و مەنع و لۆمەوە دەیکەنە گاڵتەجاڕ. دواییش لەکاتی قسەکردندا ئەو کات و سات و دیمەنە دزێوەی دێتەوە یاد، بەناچاری دەبێ خۆی زیاتر کونترۆڵ کات مۆری سکوت لەسەر لێوەکانی دانێت. ئەم حاڵەتەیش دەبێتە هۆی کێشمەکێش و دژایەتی دەروونی منداڵ. ئالەم حاڵەتەدا ڕەوانی منداڵ، منداڵ وادار دەکات بێتە قسە و لەبرێك قسەیشدا ڕای دەوەستێنێ چونکە ئەولە تەمەنێکدا نیە بتوانێ بە دەلیل و بەڵگە و مەنتیق خۆیشی قانع کات، چون سەردرگوم دەبێت، لەم حاڵەتی سەرەدەرگومیە تێکلاوی ترس و کونترۆڵی ڕەوانییە دایە، کە لەقسەکردندا دوچاری گەیگرتن (لکنت زبان) دەبێت.

10=2. ئەگەر منداڵ درەنگ بێتە قسەکردن نابێ نائومێد بن، نابێ بە زۆر و ئیسرار و تەمرین بێهێننەقسە، ئەگەر بە فشار بیانهێننە قسە، بێجگە لە ماندوویی و پەرێشانی سودێکی نابێت. وەختێ منداڵ درەنگ دێتە زمان باشترە بهێڵن بە شێوەی سورشتی بێتە زمان و قسە و زیندەگی بکات و ئازادانە ڕاز و نیازی غەریزەیی خۆی بڵێ. ئەڵبەتە ئەمە

بەو مانایە نیە مناڵ بە حاڵیخۆی ڕەهاکەی کە ئەو پێیوابێ بەدەربەستی ئەو نین. بەڵکو

ایی ئێوە بکاتەوە. ئەگەر وشەکانی دورست و ڕەوان بەیان نەکرد لەزەوقی مەدەن بەلکو ئێوەیش بە فەرهەنگ و وشەی ئەو لەگەڵیا بدوێن و هانی بدەن. پێویستە ماندوی

ڕۆژانە چەنجار و چەند دەقیقە تەمرینی پێبکەن. کشت ڕۆژێك ئەگەر بتوانێ چەندوشەیە لاسەکەن تا هەست بە ماندویی نەکات. زۆر پێویستە بە وشەگەلێك لەگەڵیا تەمرین دەست پێبکەن کە، لاسایی کردنەوەی بۆ ئەو زۆر خۆش سووك و ئاسان بێت. ئەڵبەتە ئەو شێوە تەمرینانە کە بەهێز و سادەن بۆ شەوق گەشەی منداڵ زۆر سودمەندن. وە ئەگەر بەهۆیەکەوە سودی نەبوو لانیکەم بۆ هەمیشە پێش بە گەشەی ئەوناگرێ.

10=3. ئەگەر منداڵ چەند وشەیەك فێربووە باش بەیان و دوپاتی دەکاتەوە بەڵام لە بەیانکردنی برێکیان تووشی وەستان (وەقفە) بوو دڵنیابن ئەومنداڵە دوچاری گەی (لکنت) نەبووە، هەروەها بە میهر و خۆشەویستییەوە لەگەڵیا تەمرین دەست پێبکە، بەمەرجێك کە ماندوی نەکەی، ئەگەر توانیت وێڕای تەمرین لەمپەری ڕەوانی بەتایبەت هەڵەشە و هەڵچون و ئاڵۆزی ئەو لەبەین بەرن. ئەگەر لە هەلس و کەوت و کرداری ئەو دەقیق و کونجکاو و ئاگادار بیت، بیگومان بەهۆکاری هەڵچون و هەڵەشە و ترس و گومانی ئەو پەیت برد، ئەوسا ئیتر ڕێگەی چارەسەر کردنیان سەهل و ئاسان دەبێت.

10=4. بە وشە و و دیقەت و حەوسەلەوە گوێ ڕادێرن ئا بەو شێوەیە ڕێز بۆ کەسایەتی وردیلانەکانتا قایلبن تا ئەوانیش باوەڕیان بەخۆیان بتەو بکەن ئەمە ئەبێتە پێشگیری لە دیاردەی (لکنت) واتە گەی گرتن، توری و زمان پسکی و ...

**کۆتایی**

## خەمی ئەوین



کاتێك هەورەکان
بۆڵە بەلاڵۆکە ئاڵ و واڵەکان
تێکەڵدەکەن و
پرچی سپی دەهۆننەوە بۆ پرووشەی
بەفر و
ناو دەمی یەکدی ماچ دەکەن!


ئەودەم من و تۆش !!!...
سەری ڕێز و نەوازیش دائەنەوێنین بۆتاریکی شەو!
کە هەڵگری ڕازی ئەمجارەمان دەبێت و
کۆ لەهاتنی تریفەی مانگەشەو ناکات و
هەناسەمان ئاوێتەی هەناسەی
یەکدی دەکەین!

جاهەنووکە!
نەتۆ ترست لەبراو کەس وکارە
نەمنیش ترسم لە!
زیندان و شوورا دەستکردەکان و
حەس حەسەکانی ناوشارە!

ئەوجا دەستەگوڵی پڕلە سۆز و
ئەویندار‌یمان بە یەکدی دەدەین!
نەك یەکجار! هەزارجار!
لەم ساتەدا

تۆ بێدەنگیەك دات ئەگرێت
من بێدەنگیەك دام دەگرێت
بۆ چارەنووسێکی نادیار!

**بەختیار پێنجوێنی** 2003 /4/3



# نیگاکانی ئاو نیکانی ئازادین

## دیمانەیەك لەگەڵ ئەنوەری ڕەشی عەوڵای شاعیر

### سازدانی ئاوات سەعید

### ئەمەش دوابەشی ئەم دیمانە

شیعریش بێئەو ئەفسانانەی کە سازیاندەکات، سازگاریەکانی دەمرێت. چونکە شیعر بۆخۆی جۆرێکە لەئەفسانە. شاعیریش دێوانەی ناو ئەو مەملەکەتەیەو (دێوانەیش نەحەقیقەتی تیا پایەدارە و نە دڵنیایی_نیتشە_) ئالەوێوە بەربوونەوە و لێکدابڕانی گەڵا و لق بۆمن ماناداره و جێیبینینە چونکەنابینرێ. چونکە مەحاڵە، چارەی مەحاڵیش هەر مەحاڵە خۆیەتی!!) ئەمەیە ڕاهێنانی ڕۆح بۆئیشکگری و مانەوە بەدیار غەمیهەناسەی لانەوازێکەوە! لەدەرگادانی ئەودرگایانەی کە چاوەڕێی لێدانن! ئەو_با_یەی پێویستی بەهاودەمێك هەیە لەشەوێکدا لەگەڵیدابێو گوێی لەقسەکانیبێت لەمەنفایەکی ئازاددا! چیتر من ناتوانم (گەرکەمیش بێت) متمانە بەئیحساسی ئەوکەسەنەکەم کە گرینگی بەبرینی سەگێکی نەناس دەدات! لەغەمی ئازادبونی پشیلەیەکدایە کەگۆشتەکەی ماڵیخۆیانی خواردوە. گەرچی ئەمانە عاتیفەی ڕووت دیارن وەلێ مەرجگەلێکی بێمەرجن بۆ ناسینەوەی ئینتیفای ئەوکەسە وەك لێپرسراویەتی و ئەخلاق. ئاخر چۆن هەست بەبێگوناهی ئەوکەسانە نەکەم کە هەست بە گوناه دەکەن لەبەرانبەر شتەکانیتردا و تەنانەت گوێیان لە (دەنگی پێی ئاوە_ سهرابی سپهری). ئەوە دیکتا تۆرەگانن هەمیشە خۆیان بەبێ گوناە دەبینن و دەرەوەی خۆیان بە گوناهبار لە قەلەم دەدەن و سزایان دەدەن.

بەلای منەوە هەر ئەمەیە نهێنی قسە پلە پڕسیارەکەی ژنە شاعیرە ئینگلیزیەکە (کاسلین ڕێن) کە دەڵێ:

( ئێمە دەربارەی قەترەیەك دەزانین لەناو زەریادا، ئەی زەریای ناو قەترە؟!)

ئەم تێڕامان و وردبینانە ئەگەری تر بۆ کرانەوەی ئاسۆ لەناو ئایۆی بینینماندا فرەتر دەکەن و کەرەستەیەکی شاعیرانەش دەخەنە بەر دەستی ڕۆحیشاعیر بۆ ئیشکردنە ئیستاتیکیەکانی و ناو لێنانیان ئاخر (کەیانی تازەگەر زۆرجاران ناو لێنەری شتەکان بون_ نێتشە).

کە کۆی هەمو ئەم ڕەگەزانە لە بەرژەوەندی زیندوێتی دەقی شیعریدان .. ئەو شیعرانەی زۆر بایانە دەژین!کەدەڵێی (بەردی فەیلەسوفەکانیان) لە گیرفاندایە.

**پ_ نەبونی سنور یا پابەند نەبون بە جوگرافیای شوێنەوە کارێکە، نوێیە لە شیعریکوردیدا، بەلام لە ڕۆژاوادا عەیامێکە کاری پێدەکرێت. پرسیارەکەم ئەوەیە لە شیعری تۆدا ئەم پابەند بونە بە جوگرافیای شوێنەوە ئامادەیی هەیە تلبە جیهانی بونی ئەدەب ئەمجۆرە تێڕوانینەی لە هزری تۆیا سەقامگیر کردوە.**

و_ پێموایە جیهانی ئەدیب مامەڵە کردن و ژیان و مردن و تەماهیبونە لەگەڵ بزاڤە میتافیزیکیەکانی وشەدا، هەر فەنتازیا نازکراو و نازنەکراوەکانی وشەشن دەبنە دەبنە مەودا جیاجیاکانی ئەو وجودە سرکەی شیعر.

لەوێدا بە پراکتیکبونی ڕوئیاو وێناکانی وشە لەبۆشاییەکاندا چارەنوسی خۆیان دەدەنە دەست کرانەوە هەمیشەییەکەی خۆیان. ئیتر ئازادی وشە و ئادادی خوێنەر دەبنە سەرهەڵدانی فرە ئامازەیی و فرەمانایی و ئاڕاستەی ئەو ڕەهەندانەن دەستنیشانی سنوری بە دەق دەبەخشن، نەك بەخواستی نوسەر بە تەنها... دەنا کێهەیە حەز نەکات جیهانی بێت؟

بۆیە وەکخۆم کە شیعر فرەفۆرمی نامۆبون و هەیەجاناتەکانی ڕۆحم بێ_ ئەمحاڵەتە ناشەمزێنم و چاو لە دوی شەپۆلە خۆڕسکەکانی ئەو نامۆبەن و هەیەجاناتانە دەبم کە چ فۆرمگەلێك هەڵدەبژێرن بۆخۆیان.. بێئەوەی لێی بپرسم بەرەو کوێم ئەبات، لێیدەگەڕێم هێدیهێدی ئەو پارانۆمایە خۆیخوی بنوسێتەوە.

جا ئەو پرۆسەیەش پڕە لە گەیشتن و نەگەیشتن، سەوزبون و هەڵوەرین، بیابان و بارانی بەخوڕەمی کویستان.. سەفەری سەرمەدی و وچانگرتن لەسەر ئەو سەفەرە_واتە_مەوجدانی تێکستێ کە پێیەکی لەسەر بونە و پێیەکی لەسەر نەبون ئەو کێشمەکێشمانەم و دەقیش هێورییەکی یاخود وچانێکی دوای ئەو کیشمە کێشانەن. یۆبڵێی ئەو ژانە بەژن زراڤ، و قەشەنگە هەستێکی زاتی یا گشتی بێت.

من لە وازیەکی ڕۆحی ئەدوێم جوانە کە دەبێت بەتێکست و دزێویشە لەبەر ئەوەی وێنا کردنەوەی گشت کێشمەکێشەکە نیە.

کە تێکست پەرشبونەوە و جەمبونەوەی بێتز کە لە ئاوینەکانیدا لەخۆت ڕادەمێنی هێشتا تێکستەکان خودیخۆت نین! ئەی_خودی_ من کامەیە؟ ویدەچی لەبەردەوامی تێکستەکان_واتە_ گەڕانی هەمیشەیی بە دوای خودیخۆتدا.. گەڕان لەدوی دوافۆرمی ڕۆحدا. کە ئەمەش مەحاڵ بێت کەوابێ شیعر کەڕانێکی ئەبەدییە بۆ گوزارشت کردن لەو فۆرمە مەحاڵە:

کە ئەو فۆرمە بیفۆرمەش نارسیسیەتی _خود_ێکی بەتێکستکراو نیشان نەداتەوە و تیرۆریکردێت یاخود تیرۆریبکات. شاعیریش ناچارە گومان اهەمو فۆرمێك بکاتز کەوابێ دواشیعریش وجودی نیە. ئەمەیە برۆست لەبارەیەوە دەیگوت(بەهەشتی ڕاستەقینە بەهەشتی ونبونە).

جا لە ڕێگەی ئەو دەقەوە خوێنەریش بتوانێ مومارەسەی وجودو ئازادی ئاکاییانەی خود بکات ئەو دەمە شیعرەکە (ئەو ڕوبارەیە کە هەموکەسێك دەتوانی بە ئەندازەی پەرداخەکەی خۆی ئاوی لێ بخواتەوە.. بێئەوەی لە ئاوی ڕوبارەکە کەم ببێتەوە_ نیهایۆشیج_)

مبکانیزمێکیتری ئەوەی شیعر ڕوی لەجیهانی بونە، بەلای منەوە دەگەڕێتەوە بۆ شکاندنی ئەو چەمکە دوگما و بیڕۆحانەی ئایدۆلۆژیاو یاوەرەکانی کەبوونی فەردیانەی مرۆڤی ئێمەیان سڕیبۆوە و سەربەخۆیی ڕۆحیخۆی لەدەست دابوو بۆیە هەموشتێکی گیانفیدای ئەو دەکرد. هەنوکە خود و تەنیایی و ئازادی وئیغتیراب_ تاد چەمکگەلێکی وجودی گەردونین و ساناتر ڕەهەندێکیکراوەتر و جیهانی دەدات بەدەق نەك بڕیاری پێشوەختی شاعیرەکە هەر ساتە وەختێ نوسەر خۆی لە سنوری بەندە بە _قاعیدە_

بوەکان ڕاپسکان و سەرگەرمی حاڵەتە_ ئیستیسنا_یەکانبوو پەنجەرەی زیاتری والاکردوە بە ڕوی دیدگاو جیهانبینیە ئێستاتیکیەکانی دا داخۆ ئێمە ئەو ستایشکەرانەین لە دنیای شیعردا؟!

دەرکەوتنی ئاماژەکان و بۆخولقاندنی فیکرێکیتر کە دەرەنجامی کایە مەعریفیو ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزکەرانەدا لەناو زێوەرە شیعرییکەدا چاویان کردۆتەوە لەخزمەت نارسیستیەتە شیعریەکەدا هاتونەتە وجود بۆخاتری کەشفکردنی نهێنی نێوان عەقڵ و ڕۆح..ڕوانین و شت.. خود و ئەوانی تر.. تاد..

ڕوانینی ئەو پرۆسیسە یەك بەدوای ئەوانش هەر کەوتۆتە سەر کەش و هەوا پڕ قەریحەکەی دەقە شیعرییەکە، کە چۆن زەمینە و بووار بۆ روستبون وهاتنە گۆی زمانەکتنیتر دەڕەخسێنێ کە هەڕەشە لە_ وجود_ی شیعرەدە ناکەن.

بەڵێ بۆ ئەوەی چیتر شیعر تەڵقیندراو و دەستکورتێکی بەرقاپی ناوەندە یەقینگەرا و دوگماکان نەبێت، وا پێویست دەکات بە کایە مەعریفییەکان پرسیارو گومانە بەجێکانی دەوڵەمەندتر بکات... تا کارسازبێت و لەگشت هەنگاوێکدا متمانەبکاتە سەر سازگاریەتی گەنجینە مەعریفییەکانی خۆی.

کە شیعر دۆزینەوەی پێگەیەکی نەناسراوی، تری ژیان بێت لە جوگرافیای _وجود_دا، ئیدی مەعریفە لەگشتیەتی خۆیدا مانای هاتنەدنیای فیکرەیتربێ بۆ تێگەیشتن لەو پێگەیەو.. هەروا ئەگەری کەشف کردن و ئافەریدە کردنی پێگەی\یتری نائاشنا ساناتردەکەن.

وەڵا چون بەهرە بەتەنیا وەك ڕەهەندێك بەس نیە بۆ (صیرەوە)ی شیعریزیندو.. ئاوەهاش مەعریفە ڕووت و قووتەان نین شیعر دەهێننە وجود. کەر هەر هەوڵێکیش لەومیانەدا بدرێ تاسەر ناگاتەهیچ! گەر دروستیش بێت گوتارێکی کۆلاجکراوی ئەوتۆ دێتەگۆڕێ کەشیعرییەتی تیایە کەتیا شێوابێ نەژیانی لێ دەچۆڕێ نەڕۆحیتیایە. بەڵکە ئینسکلۆپیدیایەك دەبێت لە خڕکردنەوە و تۆمارکردنی زانیاریەکان و هیچیتر! بەڵێ بەتەنها باڵێکی مەعریفە شیعر هەڵنافڕێز. بەڵکە هەماهەنگی ڕەنگەکان پەلکەزێڕینەی شیعر دەنەخشێنن لە ئاسمانی کراوەی دەقدا! ئەوئاسمانە بێپایانەی .. (ئاسمانێك کەلەوێ نە زەمینێکە و نە ئاوێك.. نە ئاگر و نەهەوایەك، ئەو ئاسمانە نە مەحدودیەتی شوێنە نە نامەحدودیەتی زانیاریەکانە. نەئاسمانی نەمان _نەبون_ نەئاسمانی ئیدراك و نەبێ ئیدراك. نە ئەمجیهانە و نەجیهانێکیتر، نەهەردوکیشیان. نەخۆرەتاو و نەمانگ، ئەی ئەوانەی کەئەم ڕێگەیە ەپیۆن. من دەڵێم: کە نەهاتن هەیە، نەڕۆیشتن نەبەردەواوم و نە وێرانی، نەبەرهەمهێنان. پ نەبێبەنیاد و نە بێتەکامولْ و بێشەرتە. ئەمە کۆتایی ڕەنجە بودا_)

پ_ دیمەنە یەك لەدوای یەکەکانی وێنە (یان وردتر: دیالۆگ کردنێکی چڕ بە چەندان بروسکە شیعر) کەوادەکات لە سەرجەم گۆشە نیگاکانەوە دیاردەیەکی ئاسایی_مەئلوف_ بکەیتە پرۆسەیەکی ئەفراندپیمایە خاڵی جیاکردنەوەی تۆ و شاعیرانی هاوشێوەنوسی وەکو لیرەوەیە. ن،

و_ لە خالە کانی پێشودا جەختم لەسەر ئەوەکرد من هەمیشە کومان دەکەم لە دوا دیمەن و دڵنیاییم یێنابەخشن. هەربۆیە ئەو نا دڵنیایی و ئەو گومانە یەك لەدوای یەکە بەفەڕانە دەشێ هۆیەکبن وێنە لەدوای وێنە و خەیالْ لەدوای خەیالْ قەتارە ببەستن و تێریان لانەخۆم، فراەانبونەوەی ئەو مەملەکەتانە و یەکبەدواهاتنەکان فەراهەمکەری ئازادیەکانی منیشە.. گەرەکمە لە مەسافەی جیاواز جیاوازدا بە نا ئاشناییەکانیان ئاشنابم و ئەمەش زەمینەخۆشکردنێکە ك گەشتەکانی خۆمیان لەگەڵدا دەسپێدەکەمەوە وجارێك ئەوان ڕێنماییکەرم بن و جارێك من ڕێنماییکەر! جارێك ئەوان گۆرانی پێژن و جارێکی دی من گۆرانی بێژ: جارێکیش بەیەکەوە ئەو کۆڕاڵە دەسازێنین بەلام لەسەر هیچ یەکێك لەو حاڵەتان بڕیارم نەداوە خۆڕسکیانە خۆیان هاتون من بۆخۆشم لەگەڵ تۆدا لەو بەرخوردە عەفەویانە ورد دەبمەوە، لەنهێنی ئەو خەیاڵەهاندەرە شاراوانە ڕا دەمێنم لە چەمکە جیاوازانەی کە لە دەرەوەی ئیختیاریمن کەرنەڤاڵە شیعرییەکە بە ئیرادەی سەربەخۆیی خۆیاندەخولقێنن. ئاهەر لەوێدایە جارێکیتر من بە(ئیختیارە) ڕاستە قینەکانی شوناسی خۆم دەگەمەوەو، لە ناسینەوەیاندا بۆنی بەشێك لەو وجودە خەفەکراوو بێشوناسەکانی خۆمیان لێ دەنێت. کز ئەم حاڵەتانە هاوکێشەیەکی هاویەك و لەهەمانکاتدا دژبەیەکی وەها پیچك دەهێنێت کە بۆخۆشم سەیرە! دەڵێی فاڵە بۆ نامۆگەرایی کێشە کەینونیو دەرونیو مێژوییەکانیخۆمی دەگرمەوە. تۆبڵێی یەك بەدوایییەکا هاتنی ئەو وێنانە ئەوە نەبێت لە تخوبەکانی ئێرۆسیەت دانەبڕێم؟! تۆبڵێی ئەم هەڵکۆڵینە بەردەوامە داینەمۆی زەین ڕونی ڕوئیا شیعریەکانیمن نەبن؟ یاخود..

مافی قسەکردنی خۆیانبێت ئاوەها بدوێن تا بزانین لەکوێدا بەیەك بگەین و لەچیدا لەیەك جیاببینەوە و فاسڵەکانی نێوانمان مەرجی ئازادبونی ئەوان و ئازادبونی منیش بێت. دەشێ لەبارێکیتردا ئەو دیمەنە جیاجیا و یەك لەدوای یەکانەی سەراب.. باران.. ئەستێرە.. مانگ.. ناونیشاندەرەوەی نادڵنیایی و ناسەقامگیری لەمندا بەیان بکەن و خۆیان بە(من) دەموینەوە وپیێم دەڵێن: ئەمانە وێنەی ڕاستەقینە ئێمەنین و بگەڕێ بەدوای وێنەیترماندا. بەڵێ دەشێ گەرەکم بێت (دواوینە) سرکە کەیان ڕابهێنم هەرچی دەکەم بۆم ڕام نابن و وازی بە زمانم دەکەن یا ئەوەتا هەژاری منە.. یالوت بەرزی ئەوان. لە سەرێکیشەوە شادمانیشم..! ئەمە لەو هەقایەتە دەچێت: کە باوکێك لەسەرەمەرگدا بەکوڕە تاقانە و کارنەکەرەکەی دەبێژێت: کوڕم بمبەخشە کەخۆم بە هەژار و دەسکورت پێشاندایتن بەلام وێستا ناچارم پێتبڵێم لە زەویە نەکێڵراوەکەماندا گەنجینەیەکم شاروۆتەوە گەر بۆی بگەڕێیت بەختەوەر دەبیت. کوڕەش دوای مەرگی باوکی بە ناچاری و لە خۆشی گەنجینەکە دەکەوێتە ئەو جەنگەوە بستبەبستی زەویەکەی هەڵدایەوە و کێلای کەچی هیچی نەبینیەوە.. دواتر تێگەیی مەبەست لە گەنجینەکە کێلانی زەویەکە و بەرەکەتی دوای کێلانەکەیە) پێدەچێ هەڵوەدابونەکەی منیش بۆ جوانترین و شۆخترین و سیحراوی ترین ئەمەوەهمە شیرینەبن کە بونەتە مایەی ئەم وێنە جیاجیایانە.

لێرەدا جیاوازی من ئەوەیە زەویەکەی من گەردونە بێسەرحەدەکەی ناو ناخی خۆم و مەحالاتەکانە، تابیکێڵم هەرتەواو نابێت..بەردەوامی زیندەگیش ئەو تەواو نە بونانەیەو "وجودیش لەوخۆشیەدایە کە لەژیاندا هەوڵی بۆدەدەین و پێینەگەین _ کامۆ _ )

کۆتایی

مەھـــاباد قەرەداغـــــــی

...

## ڕۆڵ و کاریگەریی ئایین لە بنیاتنانی کلتووری زەبروزەنگ، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا

"ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی – کاتی بێدەنگی بەسەرچوو- لە 29 ی نۆڤەمبەری 2003 لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە"

...



### دەروازە:

بۆ ئەوەی مەبەستم لە بەکارهێنانی هەر یەک لەو دەستەواژانەی لەم بابەتەدا هاتووە، ڕوون بێت، پێویستە پێناسەیەک بۆ هەریەک لە کلتوور، ئایین و کۆمەڵگەی نەریتی، بکەم. بە هەمان شێوە دەستەواژەی زەبروزەنگ، یان توووند و تیژی کە پەیوەندیدارە بە هەر یەک لەو سێ دەستەواژەی پێشووەوە، شی بکەمەوە.

لەم بابەتەدا، کە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئایین لە بنیاتنانی بەشێکی زۆری ئەو توووند و تیژییەی کە لە کۆمەڵگەنەریتییەکاندا لەناو خێزان بە تایبەتی و لەناو کۆمەڵگەدا بە گشتی پیادە دەکرێت، بە تایبەتیتریش مەبەستمە لەو تووندو تیژییانە بدوێم کە مێینەی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگانەی کردۆتە ئامانج و، لە ئەنجامیشدا ژنانی ئەو کۆمەڵگانە لە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤانەی خۆیان دوور دەخەنەوە. لەو کۆمەڵگانەدا کە ژنان وەک ژمارە نیوەی پێک دەهێنن و لە باتی ئەوەی بوونێکی چالاک بن و کاریگەریان لەسەر ژیانی خۆیان و لە گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگەدا هەبێت، دەبن، یان ڕاستتر وایە بڵێم دەیانکەن بە کەرەستە و کالا، بە شتومەکی نیووەکەی تری کۆمەڵگە. دوورخستنەوەی مرۆڤێ لە بوونی سروشتی خۆی و لە بونیادی مرۆڤانەی خۆی، لەقاڵبدانی هۆش و بیر و جەستەیەتی، ئەمەش ئەوپەڕی سنووری تووندوتیژییە کە لەگەڵ مرۆڤدا بکرێت و ئاراستەی مرۆڤ بکرێت. مەخابن ئەم جۆرەی تووندو تیژی، کە بە پێناسەیەکی پانوبەرین دەتوانین بڵێین هەموو بوونی مرۆڤی مێینەی کلتووری کۆمەڵگە نەریتییەکان دەگرێتەوە، لەسەر ژنان پیادە دەکرێت.

دەمەوێ لەم بابەتەدا تیشکی وەلامئامێز بخەمە سەر ئەو پرسیارانەی کە سەبارەت بەو فاکتەرانە دەکرێن، کە لە داڕشتنی بناغەکانی ئەو توووند و تیژییەدا ڕۆڵی کارا دەبینن. بە تایبەتیش تیشک بخەمە سەر ڕۆڵی ئایین، وەک فاکتەرێکی سەرەکی و بنیاتنەری ئەو تووندوتیژییەی لەناو خێزان و لەکۆمەڵگەدا پیادەکراوە.

لە پێناسەیەکی کۆمەڵناسیانەی پان و بەریندا دەستەواژەی **کلتوور** هەموو ئەو جموجوڵ و چالاکی و نۆرم و نرخاندن و شێوەژیان و شێوەگوزەران و شێوەئاخاوتن و داب و نەریت و باوەڕانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگەیەکدا کاریان پێدەکرێت.

لە فەرهەنگی کۆمەڵناسیدا، **کلتوور** وەک هاودژی **سروشت** لێک دەدرێتەوە. کلتوور هەموو ئەو شتانەیە، ئەو ڕەفتار و ئاکارانەیە، کە مرۆ فێریان دەبێت، وەریاندەگرێت و دەیانبەخشێ، بەلام سروشت، ئەو ڕەفتار و ئاکارانەیە کە خۆڕسکن و لە بوونی سروشتی مرۆڤەکەوە هەڵقوڵیوون. ئا لێرەدا دەمەوێ پێناسەی ئایین بکەم و پەیوەستی باسەکەمی بکەم.

**ئایین** بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە پەیڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە. لەم پەیڕە و پرۆگرامەدا چۆنێتی ژیان بە مانا فراوانەکەی دەستنیشان دەکرێت. هەر ئایینێکی دیاریکراو، یەک جۆری دیاریکراو لە باوەڕ پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات و لەناو ئەم باوەڕەدا پێشوەخت ستیلی ژیان بۆ مرۆڤەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە دیاریکراوە. لە هەر ئایینێکدا فەرهەنگێکی تایبەتی هەیە بۆ پێناسەکردنی دیاردەکان، ئەو پێناسانەش ڕەهان نەک ڕێژەیی. بۆ نموونە چاک و خراپ، باوەڕدار و بێباوەڕ، لە ئاییندا وەک ڕەش و سپی، پێناسە دەکرێن و پەیڕەوکارانی ئەو ئایینە دیاریکراوە لەو پێناسانەوە دەڕواننە هەموو ئەو دیاردانەی کە لە ژیاندا هەن. واتە سیستەمی عەقڵی ئەو کۆمەڵگەیەی کە پەیڕەوکاری ئەو ئایینەن وا شێوە دەگرێ کە بە ڕەهایی(موتڵەق) بیر بکەنەوە نەک بە ڕێژەیی. ئایینە سروشتییەکان کەمتر ئەم قاڵبەیان تێدا بەدی دەکرێت، هەرچی ئایینە ئاسمانییەکانە ، لەبەر ئەوەی کە پەیڕە و پرۆگرامەکانی لە کتێبی پیرۆزدا کۆکراوەتەوە و، واشیان لە بیری مرۆڤدا چەسپاندووە کەکتێبە پیرۆزەکان لە ئاسمانەوە دابەزیوون و، وتەکانیان ڕاستەوخۆ قسەکانی خوودان، قسەکانی خوداش نەگۆڕ و چەسپاون و بۆ هەموو کات و شوێنێک دەست دەدەن، ئیدی بۆ پەیڕەوکارانی ئەو ئایینانە دۆخێکی وەستاو لە سیستەمی بیرکردنەوەیاندا دروست دەبێت، ئەویش لەو پێناسە و نرخاندنە ڕەهایانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە کتێبی پیرۆزدا داڕێژراون. کەواتە ئایین دەبێتە بناغەیەکی پان و بەرینی کلتووری ئەو کۆمەڵگانە و، ژیان و گوزەران و داب و نەریت و نۆرم و نرخاندنەکانیان بۆ دیاری دەکات و ئەوانیش لەسەری دەڕۆن. ئایین دەبێتە ئەتەکێتێکی ئامادەکراو بۆ خەڵک و، ئەوانیش بە پێی ئەو ئەتەکێتە دەجوڵێنەوە و چالاکی کۆمەلایەتی دەکەن.

### ئایین لە کۆمەڵگەی نەریتدا:

ئێستا جێی خۆیەتی پێناسەیەک لە کۆمەڵگەی نەریتی بکەم و، لە ڕۆڵی ئایین لەم کۆمەڵگانەدا بدوێم. مەبەست لەو کۆمەڵگانەیە کەگەشەی شارستانی کەمتریان پێ گەیشتووە و، تا ڕادەیەکی زۆر و هەتا ئەمڕۆش کلتوورەکانیان پەیوەستە بەو بناغە پان و بەرینەوە کە ئایین سەرچاوەیەتی و، نرخاندن و شێوەژیان و گوزەران و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە، هەمان ئەوانەن کە وەک ئەتەکێتێکی ئامادە ، پشتاو پشت لە باب و باپیرانەوە، بە بێ گۆڕانکارییەکی جەوهەری، پەیڕەوی دەکرێن.

ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە بڕوانینە کلتوور کە لە کۆمەڵناسیدا وەک هاودژی سروشت پێناسە کراوە، دەتوانین بڵێین لەوەتی یەکەم ئایین هاتووەتە ئاراوە ئیدی سروشتیبوونی ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە کیس چووە. لە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکاندا، کە بە کۆمەڵگەی مۆدێرن ناوزەد دەکرێن، کە دەکرێ هەموو کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا لەم جۆرە دابنێین، ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە دەبینین کە لە کلتووردا ڕوویداوەو لە جیاتی ئایین یاسای مەدەنی بووەتە بناغەی پان و بەرینی کلتوور. مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا یاسای مەدەنی و، لە کۆمەڵگەی نەریتیدا پەیڕەوەکانی ئایین بناغەی کلتوور پێکدەهێنن. دیارە لەم خاڵەدا مەبەستم نییە ستایشێکی کوێرانەی کلتووری کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، یان کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا بکەم و، هێڵێکی ڕاست و چەپیش بەسەر کلتووری کۆمەڵگە نەریتییەکان دا بێنم، چونکە لە هەردوو جۆری کۆمەڵگەدا، بە ئامرازەکانی توندوتیژی جیا لە یەکتر، مرۆڤ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە سروشتیبوون و لە سروشتی مرۆڤانەی خۆی دوورخراوەتەوە کە جێگەی مەخابنە. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە ئامرازی ئایین و داب و نەریتی کۆنەخوازانەی هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆ مرۆڤ لە خۆی و لە ژیانی هاوچەرخ نامۆ دەکرێت، لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاواشدا بە نوێترین ئامرازی گەشەسەندووی شارستانی و گەشەسەندنی زۆر خێرای ئابووری و لە پرۆسەکانی جیهانگیری(گلوبالیزم)دا مرۆڤ لە خۆی و لە سروشتی خۆی نامۆ دەکرێت.

### پرسی بوون و نەبوونی ژن لە کۆمەڵگەی نەریتیدا:

لەم بابەتەدا، ئەوەی جێگەی گرنگیپێدان بێت، ژنی کۆمەڵگە نەریتییەکانە بە گشتی و بێگومان ژنی کۆمەڵگەی کورد بە تایبەتی. دەمەوێ لە ڕامانێکی قووڵی کلتوورناسیی و کۆمەڵناسییەوە لەو توندوتیژییە هەمەلایەنە بکۆڵمەوە کە بوونی ژن دەخاتە ناو خانەی گومانەوە. دیارە بوونی ژن لەو کۆمەڵگانەدا وەک بوونێکی فیزیکی، وەک لەش(جەستە ) جێگەی گومان نییە و، لەو کۆمەڵکانەدا ژنان وەک ژمارە لە نیوە زیاتری کۆمەڵگە پێک دەهێنن، وەک شوێنیش لە پشت دەرگاداخراوەکانەوە ملیۆنەها ژن ڕۆژگار بەسەر دەبەن. بە هەمان شێوەش لەسەرشەقامەکاندا، بە شێوەیەکی سنووردارتر لەوەی کە پێویستە، ژنان دەبینرێن. مەبەستی من لە گومانکردن لە بوونی ژن،

گومانکردنه لە بوونی کەسایەتی ئەو وەک کاریگەرێک لە سەر ژیانی خۆی، لەناو خێزاندا، لە دامودەزگاکاندا و لە کۆمەڵگە بە گشتی. گومان کردنە لە بوونی فیکر و بیری ژن لە ناو سیستەمی عەقڵی (هۆشی گشتی) کۆمەڵگەدا.

بۆ ئەوەی لە پەرشوبلاوی خۆم بپارێزم، باسەکەم سنووردار دەکەمەوە و لە ڕۆڵی ئایین دەدوێم لە کۆمەڵگە نەریتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا و بە تایبەتیش هەلگرانی باوەڕی ئایینی ئیسلام. چونکە ئەم باوەڕە ڕێژەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردیش پێک دەهێنێت، کە من مەبەستمە و، ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانمە.

کە دەڵێم توووند و تیژی، مەبەستم تەنها ئەو زەبر و زیانانە نییە کە بە بوونی فیزیکی ژن دەگات، یان بوونی فیزیکی ژن بە جارێ دەسڕێتەوە بۆ نموونە کوشتنی ژن بە بیانووی شەرەف، یان لێدانی ژن بە هەر بیانوویەکی ترەوە، بەڵکە هەموو ئەو زەبر و زیانانەشم مەبەستە کە کاریگەری لە دەروون و لە کەسایەتی و لە ناسنامەی ژن دەکەن. هەموو ئەو جۆرە ڕەفتارانەی کە لە گەڵیاندا دەکرێت و لە نرخی مرۆڤانەیان کەم دەکاتەوە، هەموو ئەو وتانەی کە ئاراستەیان دەکرێت و هەستی خۆبەکەمبینیان لا دروست دەکات، بۆ نموونە جنێوپێدانیان، تف لێکردنیان، بەسووک سەرنجدانیان، بە لاوازبینین و بە بەزەییەوە تێڕوانین لێیان و هتد.

یەکێک لە بەردەوامترین و کاراترین ئامرازی توووند و تیژی بەرامبەر بە مێینەی مرۆڤ لەو کۆمەڵگانەدا، زمانە. لە ستروکتووری ئەو زمانانەدا کە کلتوورێکی باوکسالارانەی ئایینی بەسەریدا زاڵە، سیمبۆلەکانی زمان زەمینە بۆ توووند و تیژی خۆش دەکەن. ئەگەر بە تایبەت باسی ژن بکەین، ژن لە هەموو ئەو زمانانەی کە کۆمەڵگە نەریتییە ئایینپەرەوەرەکان پێک دەهێنن، ئاماژەیەکە بەرامبەر بە کەمتوانا، لاواز، کەمهۆش و بێدەسەلات. واتە بەرامبەر بە دەستەواژەی ژن، هەموو ئەو دیاردە نێگەتیڤانە بیری مرۆڤ دەکەونەوە کە کەموکوڕی و بێهودەیی و بێسەلیقەیی دەنوێنن. بەرامبەر بە وشەی پیاویش ئاماژەکان ڕێک پێچەوانە دەبنەوە و، هێز و هۆش و دەسەلات و پایە زەق دەبنەوە. بۆیە بەناوهێنانی پیاو هەموو دیاردەیەکی پۆزەتیڤی وەکو پایەداری ، زانایی، داهێنەری و سەلیقەسازیی و دەسەلاتداریێتی وەبیر مرۆڤ دەهێننەوە. ئەگەر تەنها ئەم دوو سیمبۆلەی زمان بهێنین و شی بکەینەوە، ئیدی سەرسام نابین بەوەی کە لەو کۆمەڵگانەدا ژنان بۆ لە جیاتی ڕۆڵبینین و کارابوون، وەلاوەدەنرێن و دەخرێنە پەراوێزەوە، لە جیاتی کاریگەری کاریان تێدەکرێت و لە جیاتی پایەداری هەمیشە بێپایە دەکرێن.

ئایین و پەیڕەوەکانی ئایین لەناو زمانانی ئەو کۆمەڵگانەدا ئامادەییەکی هەمیشەیان هەیە. بەو پێیەش کە زانستی زماننناسی سەلماندویەتی و پەیوەندی زمانی بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دۆزیوەتەوە، دەتوانین بڵێین ئایین ڕۆڵی کارا دەبینێت لە سیستەمی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگانە و، بە پێی ئەو سیمبۆلانەش کە لە زمانەکاندا بەرامبەر بە دەستەواژەی ژن و پیاو دانراون و پێناسە کراون، ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بنیاتنانی ئەو زەبروزەنگەدا کە بەرامبەر بە مێینەی مرۆڤ دەکرێت و لە زماندا بەرجەستە دەبێت و، لە کۆمەڵگەدا پیادە دەکرێت.

ئەم کاریگەرییەی ئایین، کە لە زماندا بەرجەستە دەبێت، دەچێتە ناو سیستەمی پەروەردەوە و، لە باخچەی منداڵاندا، لە قوتابخانەکاندا و لە زانکۆکاندا، لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا ، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکار دەهێنرێت و، لە ئاکامدا ئەو توووندوتیژییە ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێت و ڕەوشی ژن لە ناو بازنەیەکی داخراودا دەهێڵێتەوە و قفڵ دەدات.

لە قوتابخانەکاندا، ئایین نەک وەک زانستێک، بەڵکە وەک باوەڕێک و پێدەری نۆرم و نرخاندن، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە وەک وانەیەکی فەرمی بە منداڵێکی شەش ساڵە دەوترێتەوە. لەو تەمەنەوە، ئیدی منداڵ فێر دەکرێت تەنها یەک جۆر پێناسەی هەبێت بۆ چاک و بۆ خراپ، بۆ ژن و بۆ پیاو، بۆ باوەڕ و بێباوەڕی، ئەویش ئەو جۆرەیە کە ئایین دەستنیشانی دەکات. لە خێزاندا منداڵ بە شێوەیەکی نارەسمی ڕۆژانە بەو زمانە و بەو پەیڕەوانە گۆش دەکرێت، بەلام لە قوتابخانەدا ئیدی بە شێوەیەکی ڕەسمی و سیستەماتیک، هەر لەم کاتەوە بناغەی سیستەمی بیری ڕەهاگەری بۆ ئەو منداڵە دادەڕێژرێت. کە بە وتەکانی خوا، کە وتەی نەگۆڕی ئاسمانین، گۆش دەکرێت، ئیدی بواری بۆ ناهێڵدرێتەوە گومان بکات لە ڕاستی یان ناڕاستی ئەو پێناسانە. وای لێدەکات لە نێوان ڕەش و سپیدا هیچ ڕەنگێکی تر بەدی نەکات.

کچ و کوڕ، لە خێزاندا دایک و باوکێک پەروەردەیان دەکەن، کە خۆشیان بە هەمان زمان و سیستەمی بیرکردنەوە گۆش کراون. لە بیری ئەواندا ئەو پێناسەیە چەسپیوە کە ژن بریتییە لەکەموکوڕیی و بێدەسەلاتی، پیاویش بە هێز و دەسەلات. بۆیە بایەخیان بۆ کوڕەکەیان پتر دەبێت وەک لە کچەکەیان. تا ڕادەیەک کە ئاواتی ئەوە دەخوازن کچەکانیان لە دایک نەبن و، لەناو خێزانەکانیاندا (کەموکوڕیی!) کەم بێت. ئەم سیستەمە لە بیرکردنەوەدا تەنها پیاوان ناگرێتەوە، بەڵکە ژنانیش هەمان بۆچوونیان لا دروست دەبێت بەرامبەر بە خۆیان. بوونی خۆیان وەکو کەموکوڕییەک دەبینن. ئەمە بە ئاشکرا لە بایەخی دایکان بۆ کوڕەکانیان و، بێبایەخییان بۆ کچەکانیان دەردەکەوێت.

ئەو تێڕوانینەش بۆ کچ و کوڕ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە جەستەی ژن شتێکە جگە لە خۆی و لە مێینەکانی بنەماڵە، هی هەموو نێرینەکانی بنەماڵەیە. لەکۆمەڵگەی نەریتیدا ئەگەرچی شارۆچکە و شاری گەورە هەن، بەلام قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و تێڕوانینی گشتی کۆمەڵگە لە شوێنێکدا چەقی بەستووە کە خێڵایەتییە. لەوێدا بوونی تاک و ناسنامەی تاک تا ڕادەی سڕاوەیی کاڵ دەبێتەوە، بوونی بنامەڵە و ناسنامەی بنەماڵە و خێڵ بەرجەستە و تۆخ و لەبەرچاوە. لە ستركتووری بیرکردنەوەی خێڵیشدا ژن بریتی نییە لە ڕۆح و لە کەسایەتییەک، بەڵکە ژن بە تەنهاجەستەیەکە، ئەم جەستەیەش شتێکە، ئەم شتەش هی پیاوە. جەستەی ژن چەند وەزیفەیەکی سەرەکی و چەند وەزیفەیەکی لاوەکی هەیە. وەزیفە سەرەکییەکانی بریتیین لە:

1. شوێنێک، یان شتێک بۆ ئەوەی شەرەفی پیاوی تیا بپارێزرێت. بۆ نموونە یەخچاڵێک، دۆلابێک، سندوقێک.
2. ئامرازێک کە خۆشی و لەززەت بە پیاوەکەی ببەخشێت. بە مەرجێ ببەخشێت و وەرنەگرێت.
3. قاڵبێک بۆ کۆپیکردنی نەوەکان، واتە وەک تاقە ئامرازێک بۆ دروستکردنی منداڵ و نەوەنانەوە.

لە ئەرکە لاوەکییەکانی جەستەی ژن:

- خزمەتکردنی هەموو نێرینەکانی بنەماڵە. جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان بە بێ هیچ چەندوچوونێک.
- خزمەتکردنی منداڵ، منداڵیش بە کچ و بە کوڕەوە، بە پێی یاسا و ڕێسا هی پیاون و بە ناوی پیاوەوەن.
- هەموو ئەو ئەرکانەی کە سنووری ماڵ تێناپەڕێنن. ئەو ئەرکانەی کە لە تێڕوانینی خودی ئەو کۆمەڵگەیەشدا بە کەمبایەخ ناوزەد دەکرێت. هەموو ئەو ئەرکانەی کە ژن لە گەشەسەندنی ئاسایی دەخات و هۆش و بیری سنووردارتر دەکاتەوە.

ئەمە سەبارەت بە جەستەی ژن و ئەرکەکانی ئەو جەستەیە بوو. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک بورژێت و بوترێت ئەی ئەرکی ڕۆحی ژن، هۆش و عەقڵ و بیری ژن چییە لەو کۆمەڵگانەدا؟ مەخابن دەبێ بڵێین، هیچ. لەو تێڕوانینە باوەوە کە ئاماژەی پێکرا ژن بە تەنها ئەو جەستەیەیە، ئەو جەستەیەش تەنها شتگەلێکە و ئەو وەزیفانەی پێ سپێردراوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

## جۆرەکانی توووند و تیژی پیادەکراو:

لە سەر ئاستی خێزاندا: چەند جۆرێک توووند و تیژی ڕووبەرووی ژنان دەبنەوە لەوانە

ژن كه له ڕۆڵی دایكدایه: دایكێكی زه‌لیلكراوه و به هه‌مان شێوه‌ش نه‌وه‌كانی په‌روه‌رده ده‌كات و هه‌مان كلتوور به‌رهه‌م ده‌هێنێته‌وه. له ڕۆڵی دایكدا ژن هه‌م سته‌مكاره و هه‌م سته‌ملێكراو. سته‌مكاره، چونكه به هه‌مان میتوودی كه خۆی پێی ده‌چه‌وسێته‌وه، كچه‌كانی خۆی ده‌چه‌وسێنێته‌وه. بۆ ئه‌وه‌ی متمانه‌ی مێرده‌كه‌ی نه‌دۆڕێنێ، ده‌بێته پاسه‌وانێكی سته‌مكاری كچه‌كانی و جوڵه‌یان سنووردار ده‌كاته‌وه. دایكی سته‌ملێكراو، له دۆخی سته‌مكاردا خۆی توووند و تیژی له‌گه‌ڵدا ده‌كرێت و، هاوكات خۆیشی ده‌كرێت به ئامرێزێك بۆ توووند و تیژی دژ به كچه‌كانی. ده‌گمه‌ن نین ئه‌و حاڵه‌تانه‌ی كه دایك زه‌مینه‌ی بۆ كوشتنی كچه‌كه‌ی خۆش كردبێت به به‌هانه‌ی شه‌ره‌فه‌وه.

له ڕۆڵی كچدا: دایك و هه‌موو نێرینه‌كانی خێزان به‌جۆرێك له جۆره‌كان ده‌سه‌لات به‌سه‌ر ئه‌مدا ده‌سه‌پێنن. بۆ نموونه ته‌نانه‌ت برایه‌كی بچووك سه‌رپشك ده‌كرێت له لێدانی خوشكی گه‌وره. ئه‌مه‌ش دیسانه‌وه له‌و تێڕوانینه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت كه جه‌سته‌ی ئه‌و خوشكه دۆلابێكه شه‌ره‌فی ئه‌م برایه‌ی تێدایه .

ژن له ڕۆڵی بێوه‌ژندا: كاتێ به هه‌ر هۆیه‌وه ژنێك له مێرده‌كه‌ی جیاده‌بێته‌وه و ته‌نانه‌ت به مردنی مێرده‌كه‌شی، ئیدی توندوتیژییه‌كانی ناو خێزان و كۆمه‌ڵگه زیاتر ده‌بن به‌رامبه‌ری. پۆشاك پۆشین كه یه‌كێكه له سه‌ره‌تایترین مافی مرۆڤ، بۆ بێوه‌ژنێك ده‌بێت به ‌ڕه‌نگ و له‌و بواره‌دا سنووردار ده‌كرێته‌وه.

ئه‌مه بێجگه له سنوورداركردنی جموجوڵ و ره‌فتاری، ته‌نانه‌ت قسه‌كردن و پێكه‌نینیشی ده‌بێت به پێی ئه‌و ڕێسایانه بن كه بنه‌ماڵه بۆی داده‌نێت. دیاره ئه‌مه‌ش هه‌ر له هه‌مان تێڕوانینه‌وه كه جه‌سته‌ی ژن هی ئه‌وانی تره و شه‌ره‌فی پیاوی تیا پارێزراوه، سه‌رچاوه ده‌گرێت.

### ئه‌م دۆخه له تاراوگه‌دا:

كاتێ خێزان، له كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی نه‌ریتییه‌وه، به‌م تێڕوانینه‌وه كه هه‌ڵگری نۆرم و نرخاندنێكی له‌و جۆره‌یه كه باسمان كرد، دێته ولاتێكی ڕۆژئاوا و له‌گه‌ڵ كلتوورێكی ته‌واو جیاوازدا ڕووبه‌ڕوو ده‌بێته‌وه، كه هه‌ڵگری نۆرم و نرخاندنی جیاوازن و پێناسه‌كانیان بۆ دیارده‌كان جیاوازه، لێكدانێك درووست ده‌بێت.

له به‌ریه‌ككه‌وتنی ئه‌م دوو كلتووره‌دا، زۆر جۆری توووند و تیژی سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، كه سه‌ربارى خودی ئه‌و تووندوتیژییه‌ن كه خۆی هه‌ر هه‌یه و پیاده ده‌كرێت. ئه‌وه‌ی له‌به‌ریه‌ككه‌وتنه‌كاندا به‌رجه‌سته‌ترین فاكته‌ره، پرسی په‌یوه‌ندی نێوان ژن و پیاوه. ژنی ئه‌وروپایی كه به زۆرێك له مافه‌كانی خۆی گه‌یشتووه و له زۆر ڕووه‌وه ئازاده، ئه‌م ئازادییه له تێڕوانینی كه‌سێكی نه‌ریتیدا كه سیسته‌می بیركردنه‌وه‌ی ڕه‌های به‌سه‌ردا زاڵه، پێناسه‌یه‌كی تری بۆ ده‌كرێت. بۆ نموونه ئه‌و ئازادییه لای ئه‌م ناوی به‌ره‌لایی لێده‌نرێت، بۆیه ڕێگه نادات، ژنه‌كه‌ی یان كچه‌كه‌ی هه‌مان جۆری ژیانی ژنێكی ئه‌وروپاییان هه‌بێت، ئه‌گه‌رچی له‌ناوجه‌رگه‌ی ئه‌وروپاشدا بژین. لێره‌وه كێشه‌كان سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن و خێزان له‌به‌رامبه‌ر دوو هێزدا له مه‌نگه‌نه ده‌درێت، هێزێك دیووی ئه‌و وڵاته‌یه كه چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ی هه‌یه كه‌سگه‌لێكی كارا بن و، به‌شداری چالاكییه ئابووری و كۆمه‌لایه‌تییه‌كانی ئه‌و وڵاته بن، هێزه‌كه‌ی تریش دیووی كلتوور و تراديسیۆنه‌كه‌ی خۆیه‌تی كه ده‌یه‌وێ بیپارێزێ. بۆ پاراستنیشی هه‌وڵی سنووركێشان له نێوان خێزانی خۆی و كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌وروپایی ده‌دات، بۆ ئه‌وه‌ی له مه‌ترسی كاریگه‌ری ئه‌و كلتووره ژنه‌كانی ناو خێزان بپارێزێت، ئه‌مه‌ش واته شه‌ره‌فی خۆی ده‌پارێزێت.

به‌لام كاتێك كه بیر و تێڕوانینی ئه‌و كه په‌ناهێنه‌رێكه و له وڵاتێكدا ده‌ژی، له چاو تێڕوانینی باو و سه‌پاوی خودی ئه‌و وڵاته، وه‌ك دڵۆپێك ئاوه له ده‌ریایه‌كی به‌ریندا، بۆیه سه‌ره‌رای هه‌موو توندوتیژییه‌ك، ناتوانێ له كاریگه‌ری كلتووری ڕۆژئاوایی ده‌ربازیان كات. بۆیه یان ده‌بێت قبوڵی بكات، یانیش توندوتیژی هه‌ره قورس به‌كار بهێنێت، بۆ نموونه چه‌ندان حاڵه‌تی كوشتن له سوێد له لایه‌ن باوك، برا، مێرده‌وه‌وه ڕوویداوه، له لایه‌ن خێزانی نه‌ریتییه‌وه. زۆربه‌یان ناویان لێنراوه كوشتن به پاساوی شه‌ره‌ف.

### چاره‌سه‌ر له سه‌رچاوه‌وه:

له زۆربه‌ی ئه‌و ولاتانه‌دا كه فره‌كلتووره و، په‌ناهه‌نده‌ی تێدا ده‌ژی و، توندوتیژی له‌م جۆره رووی داوه، بیر له میكانیزمی جیاواز كراوه‌ته‌وه بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی توووند و تیژی و، هه‌وڵدانی تێكه‌ڵكردن و خۆگونجاندن. ئه‌وانه‌ی كه تا ئێستا كراون، بریتی بوون له چاره‌سه‌ری ڕووبه‌ری كێشه‌كان، هه‌رچی ناوه‌ڕۆكی كێشه‌كانه به بێ چاره‌سه‌ر هێڵدراونه‌ته‌وه. بۆ ئه‌وه‌ی توووند و تیژی له‌و كلتوورانه‌دا كه‌م بكرێته‌وه پێویسته بیر له هۆكاره ڕیشه‌ییه‌كان بكرێته‌وه و، هه‌وڵی چاره‌سه‌ری ڕیشه‌یی بدرێت. گۆڕانی ڕیشه‌ییش له‌وێوه ده‌كرێت كه تێڕوانینی مرۆڤه‌كان بگۆڕدرێن. ئه‌و میكانیزمانه بدۆزرێنه‌وه كه له گۆڕینی تێڕوانینه‌كاندا ده‌توانن كارا بن.

..........................................................................

## ماموٚستاى گومناو مه‌لاحه‌سه‌نی دزڵی

دیوانی مه‌لاحه‌سه‌نی دزڵی به تیكۆشان و زه‌حه‌تێكی زۆری كاك ئه‌حمه‌مه‌د نه‌زیری گردوكۆ كراوه و لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ر كردوه كاره‌كه‌ی گرینگ و جێگا ستایشه، به‌ڵام به‌داخه‌وه پێموایه نه ماموٚستا مه‌لاحه‌سه‌ن و نه كاك ئه‌حمه‌دنه‌زیری له كه‌ش و جه‌وێكی وادانه‌بوون و نین كه به جورئه‌ت و جه‌ربزه‌وه ڕازی نهێنی خۆیان به‌ته‌واوی و ئاشكرا ده‌ربڕن.

ماموٚستا، ساڵی به‌فره گه‌وره، كه‌ئه‌وساله مێژوی نه نووسراوه ئه‌م شیعره‌ی نوسیوه به‌ڕاستی له‌و شیعره‌و شیعره‌كانی تریه‌وه ده‌كرێ بیرو بۆچون و زانیاری ئه‌و زاناكورده گومناوه له روانگه‌ی عیلمی و فه‌لسه‌فیی ئه‌ده‌بیه‌وه هه‌لسه‌نگێنرێ. من ئاره‌زومه‌ندم ده‌رفه‌تم ببیٚ له ڕوانگه‌ی خۆمه‌وه بێترس و ته‌وه‌هوم به پێی توانام ئه‌و زانایه وه‌ك خۆی بناسێنم.

..........................................................................

واتم دالاٚنی چه‌نده ساڵاٚنی
سپیاو وه‌لاشه‌ی وێتا ماڵاٚنی
چه‌ن چه‌رخا چه‌رخه‌ن جه ده‌ستت شییه‌ن
ئا تۆ سه‌مه‌ره‌ی چی‌نه‌ته دیه‌ن
واتش ساڵیان چوون وه سه‌قه‌ر و تون
لزگه‌ی ئاویرم یاوا وه گه‌ردوون
یاگه‌و بلێسه و گه‌رمیم دیاره‌ن
ته‌ماشاكه‌ره نه دوور پێواره‌ن!

دیاره دالاٚنی كێوێكی بلند و به‌ناوبانگی هه‌ورامانه گومانیك له‌وه‌دا نیه كه ماموٚستا له ڕوانگه‌ی عیلمی و فه‌لسه‌فییه‌وه هه‌ستی به ناخی زه‌وی و سه‌ماوات كردوه نه‌ك وه‌ك مه‌لا یان پێشه‌وایه‌كی دینی ناو مزگه‌وته‌كان.
به‌و هیوایه‌ی ماموٚستا حه‌مه ڕه‌شید مه‌ولود كه هه‌ورامیه و هاو زمان و هاو ناوچوی ماموٚستا مه‌ڵاحه‌سه‌نه ئه‌و ئاواته‌ی من بێنێته دی و ئه‌و باره قورسه له سه‌رشانی من لابات.

سه‌ره‌تای ساڵی 2004 عه‌لی كیتابی

## کچۆڵەیەکی تەڕبو بە ئاوی باران

نەرویَ عەلی ئەو کیژە ژیکەڵە و زیرەکەیە کە تەمەنی یازدەساڵە و وەك خۆی دەڵیَ نزیکەی ساڵ و نیوێکە پەریوەی هەندەران بووە لە وڵاتی سوێد لە شاری یۆتبۆری دەژی. نەرویَ ..هەستێکی ڕوون و سادەی سادەی منداڵانەی هەیە بۆیە بێباك بە شادیو شەوقەوە پیشوازی لە داهاتووی خۆی دەکات و پەندەرەیەکی خنجیلانەی بۆخۆیو شیعرنوسین خستۆتە سەر پشت و لەوێوە بۆ دنیا ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵوواڵاکەی دەڕوانیَ. دیارە وەها کیژۆڵەیەکی هەستیار و خوینگەرم و شاعیر شایانی ئەوە بوو کە مامۆستا سابیرسدیق بەگۆڤاری گۆڤاری جیهانی منداڵانی بناسێنی ئەم چاوپێکەوتن و دواندنەی بۆ بنرخێنی.

ج. م : = نەرویَ گیان لەکەیەوە شیعرت خۆش دەویَت؟

نەرویَ: = هەر لەمنداڵیەوە حەزم لە شیعر بووە شیعرم خۆشویستووە

ج. م : = ئیَ خۆ تۆ ئەمێستا کەش منالّی؟

نەرویَ : = نە .. جاران کە منالّ بوم دەفتەرێکم بوو شیعروو گۆرانی کەسانی ترم تێدا دەنووسیێوە و لە بەرم دەکردن بەلاَن کە ئێستا تەمەنم یانزە ساڵە و گەورە بووم خۆم شیعر دەنوسم

ج . م : = ئەی بۆچی لە بری شیعر شتێکی ترت هەڵنە بژارد حەزت لە شیعر کرد ..

نەرویَ : = نازانم ڕۆژێکی زستان پەنجەرەکەم کردبۆوە .. هەستێکی سەیرم لا دروست بوو .. لە پەنجەرەکەمەوە هەر سەیری دنیام دەکرد، بیری بارانی وڵاتی خۆمان دەکرد.. لەوکاتەدا حەزم بە شیعر خویندنەوە دەکرد.. لەو ڕۆژەوە تێگەیشتم شیعرم وۆر خۆشدەویَ.. ئیتر دەستم کرد بە شیعرنوسین.

ج. م : = وڵاتی سوێد وڵاتێکی خۆشە یان نا ؟

نەرویَ : = سوێد بەلاَی منەوە وڵاتێکی زۆر خۆشە بەتایبەت قوتابخانە و خوێندنگە کانی .. زۆر خۆشن چونکە مامۆستاکانی قەت لە قوتابی نادەن .. بەرنامەیەکی جوانی هەیە بۆ ژیانی ڕۆژانە بەلاَم لە وڵاتی یەکەمم وڵاتی دایکم لە گشت شوێنێك لاخۆشترە..

ج . م : = لە کەیەوە هاتوویتە وڵاتی سوێد؟

نەرویَ : = نزیکەی ساڵ و نیوێکە

ج . م : = تا ئێستا سەردانی وڵاتت کردوە ؟

نەرویَ : — نە خێر

ج . م : = ئەی حەز دەکەی ؟

نەرویَ : = زۆر حەز دەکەم زۆر بیری هاوڕیَکانم دەکەم

ج . م : = لێرەوە هەستت چییە بەرانبەر کوردستان ؟

نەرویَ : = کوردستان زۆر خۆشە بەلاَم مندالەکانی زۆر گوناحن

ج. م : = بۆ ؟!

نەرویَ : = لە مەکتەب ماموستاکان دەیانترسێنن لێیان ئەدەن لە سەر شتی زۆر ئاسایی لێیان تورە دەبن.

ج.م: = نەرویَ گیان حەز لە چ ڕەنگێك دەکەی؟

نەرویَ : = حەزم لە ڕەنگی پەمەیی و سەوزە

ج.م:= لەکۆتایی ئەم میواندارەدا تەتەویَ بلّیی چی!

نەرویَ:= هیوادارم کوردستان بەتەواوی ئازاد بیَ و وڵاتێکی ئازاد و ئاوەدانی وەك سوێد بێت منداڵانی وەك دندالاَنی سوێد بە هەموو ماف و ئارەزووەکانیان بگەن..

ج.م:= سوپاس بۆ نەرویَ

نەرویَ: = بەردەوام بێت گۆڤاری جیهانی منداڵان



نمونەیەك لە شیعرەکانی کە لە کۆڕیکی شیعر خوێندنەوەدا بۆ یەکەمجار لە پشتی تریبونەوە بۆبیسەران و شاعیرانی خوێندویەتەوە

### شەو وەرز..

شەو چەند تاریك و تەنگ هاوسێیکی بیَدەنگە
پایز واهاتە پێشیَ گەلاَڕێزان دەخرۆشیَ
بەلاَم چیبکەم ئەی زستان
سەرەی تۆ نەهات شا جوان
چونکو بەفر بباریَ خەم نانێنی بەجاریَ
بەهاریش تا بلّێی خۆشە پڕ لەگوڵ و وەنەوشە
ئەی هاوینی پڕ گەرمی وەرزێکی پڕ لە خەمی
"خەمێکم لە هەندەران"
من کچۆڵە کوردم
لە هەندەران
لە ناخمایە .. ماف ژیان
ئەو مافەی.. کە بۆ
گشت منالاَنی جیهان ڕوایە
بۆ منیش بیَ ڕێکر
ڕیَی ئاوەلاَیە

### جوانی بیَهاوتا


ئەوجوانیەی لەتوایە وەك پەیکەری بیَهاوتایە
ئەو بۆنەی لە تۆوە یەت وەك بۆنی گوڵە نێرگز وایە

### پەپوولە

ئێمەین پەپولەی ژیان بیَ ماندوبون بیوچان
هێمن و لە سەر خۆین بە ڕەفتاری جوان دەدوێین
وردەوردە دە گەشێین وەك خونچەگوڵ وردو شین

تێبینی شیعرەکان "شەو وەرز" نەبی ئەوانیتر هەر یەکەی کۆپلەیەکیان لیَ وەر گیراوە..

# چمکێکی چکۆله له ڕۆمانی سارا!



## بەشی حەوتەم

## نووسینی عەلی کیتابی

پاش شەوو ڕۆژێك میوانداری مام ڕەمەزان بە بارە ئاردەوە بەرەو میشیاو و ئەحمەدیش بەرەو گوندی سوننەتە لە گوندی ماسیەر وەدەرکەوتن.

ئەحمەد لەگەڵ لەلابەلای ڕێگەی دەرەکوردان و پەنای شەخسەکەی پیربەشیر دەردەکەوی کوروکاڵی بەرهەیوانی مزگەوت و کچانی سەرکانی وەدیی دەکەن، کچان بەپۆل و پەلەپەل مزگێنی بۆ پیرە دایکەکەی دەبەن، کوڕانیش ڕاستەوخۆ پیشوازی لێدەکەن منداڵانیش دەیکەنە قاوو قوو دەڵێن: ئەری‌وەڵا؟ ئەوە کاکەحمەدە هاتەوە.

کیژۆڵەیەکی نابالق تێ‌دەقریشکێنێ‌و درگا بە پورامین دەگری دەڵێ:

پیرێ‌ژن مزگێنیم گەرەکە مزگێنی کاکەحمەدگیان هاتەوە. پورامین دەست دەداتە کۆڵەوەژی تەنورەکەی دەیداتە لەنگەری لەشی کوڕە کوڕ دێتە دەرەوە دەڵێ.. کوانی بەقوربانی کەوشەکانتبم کوانێ‌کوا؟

= ئەوەتانێ هاها گەیشتە پاڵ تەپاڵدانەکان.

پیرێژن هەرئەوەنیە وەك شەمشەمە کوێرە بێتە باڵ و بەسەر ئاودڕگەکەدا بپەڕێتەوە بەڵام تلۆر دەبێتەوە، کوڕەجحێڵێك پڕی دەداتی هەڵیدەستێنێ دو کچە عازەب دەچنە ژێرباڵی، لاوانی گوندتەمورەی ئەحمەدیانداوە ئەحمەد کەدایکی دەبینێ بەناچاری دڕن بە پێشوازی کەرانی دەدات خۆی دەگەیەنێتە دایکی لەئامێزی دەگرێ دەمولێوی پڕچرچولۆچی هەڵدەمژێ ئەشکی شادی بەخوڕ لەچاوی هەردوکیان دەڕژێتنەخوار. کوڕوکچو پیاوو ژنانی گەڕەك لە دەوریان کۆ دەبنەوە. ئەحمەد چ ئەحمەد دەڵێی تولەنەمامە، هەر لەخۆی‌جوانە کەپیرەپیاوان لاچاوی ماچ دەکەن ئەویش بەدەستیاندا دەنوسی و ڕایاندەبۆسێ،بە شێوەی‌زاراوەی تازەی سلێمانیانە سڵاوو خۆش وبش لە هاوسێ و دراوسێکانی دەکات، شەپۆلی شەوقوشادی لەبەر ماڵەگڵێنەکەی پورامین مەوج دەدات دیمەنێکی شیرینی خولقاندوە. لەبەر بێجی‌وڕێ‌یی ناچارن بەرەو بەردەرکی مزگەوت جێ‌گۆڕکی بکەن بڕێك مەیدان بۆ دایکوفرزەند خەڵوەتکەن.

کە ئەحمەد و دایکی دەچنە ماڵەوە ئەحمەد دەڵێ:

= دایەگیان زۆرم مەراق بو خوانەخواستە تا دێمەوە نەمینی و بەم جلە جوانانەی بۆم هێناوی نەتم بینی‌با، دەهەستە دایەگیان لەبەریانکە بابەم جلەجوانانەوە کەتائێستا خانمەکانی فەیزولابەکی لەبەریان نەکردوە با بتبینم .

لەکاتێکدا دایکوفرزەند بە تامەزرۆییەوە سەرگەرمی ڕازو نیازن عەبەی مام باپیرخۆوی دەکاتەماڵا و دەڵێ:

کاکەحمەد گیان مامۆستا و پیاوماقوڵانی گوند منیان بەدوای تۆدا ناردوە دەڵێن خۆ لەهیچ ماڵێکدا جێمان نابێتەوە باشتر وایە بێتە مزگەوت با بەتیکڕا تاسەمان لێی بشکێ و بەسەرهاتەکەشی بۆمان بگێڕێتەوە.

ئەحمەد دەڵێی لەحەج گەڕاوەتەوە، بۆ یەکەمجارە ژن پێ دەنینتە ناو مزگەوتەوە، چونکە بە گوێرەی یاسای ئیسلام لەبەر ئەوەی ژن لەکاتی قاعیدەدا بۆماوەیەك پاپۆشەکەی خوێناویە مزگەوت لەژن حەرامکراوە.

پورامین سونەتی حەدیسی نەبەوی پێشێلکردوە سەدرنشینە مامۆستا رودەکاتە ئەحمەد و دەڵێ: ڕۆڵە قەی‌ناکا پرسێکت پێ‌نەکردین ڕۆیشتی سەفەرت کرد خەڵکی زۆر بۆت نیگەران بون. ئەحمەد دەڵێ:

زۆربەی دانیشتوانی حازری و غایبی ئەم مەجلیسەیش دەزانن پارەکە پیرە پیاوێکی لێقەوماو وماڵ بەکۆڵ و ژن مردو لە کێو و لەماڵەوە بو یەکەمینجار بو بە میوانی کێو و ماڵم. ئەو کابرا ئاوارەو دەربەدەرە بە خۆی و سێ‌منداڵی وردیلە و دایك مردو لە دو شەوو ڕۆژدا بە گێڕانەوەی وەزع و ژیانی ژاراوی‌و پڕ مەینەت و لێقەوماویی خۆی منی لە دنیایەکی تاریك و تروك خستە ناو دیایەکی ڕوناك و پڕلە جەوروجەفا و نابەرابەر. تا ئەو وەزعی ژیانی زاهیر و باتنن دەرونی و بیرونی خۆی بۆ باس نەکردم من نەخۆم و نەئەم پیرە دایکەم و نە ژیانی ژاراوی باوکی خۆمم لەژێر پڵاس و پێچکە کورسیەکی دەسکردی باوکو دایکی خۆمم دەرك دەکردبو. ئەو پیرە پیاوە لێقەوماوە بوبە مامۆسام بڕیارمدا وە دووی کەوم. بەڵام بەداخەوە بە ئاواتی خۆم نەگەیشتم.

عەبەی مامباپیر لە سکوتی مەجلیس و حەسرەت و ماتەمینی پورامین کوڵکی وەرکرت و وتی: وەدووی خۆی کەوتی یان وەدووی سارای کچی؟

ئەحمەد هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشی‌ودەڵێ:

دیارە هەرکەس لە ڕوانگە و میزانی ئاوزی خۆیەوە دنیا دەبینی و دەی‌ناسێنێ. پورامین لەناو مەجلیس و مزگەوتەکەدا هۆنەهۆن دەگری و فرمێسك هەڵدەوەرێنێ.

ئەحمەد دزانی دایکی بۆچی دڵی کەیلە دەڵێ:

= دایەدیان ڕەنگە گەڕابێتەوە بۆ گوندەکانی باخ و بەیتوولی. مام باپیر دەڵێ:

دەی ئەحمەد کیان باسی ژیانی خەڵکی گەرمێنمان بۆ باس بکە. ئەحمەد دەڵێ:

بە نیسبەت ئێرە لەوێ هەر پارە دەبارێ بەڵام خەڵکی گەرمێن زۆر تەمەڵ ە تەوەزەلن. زۆربەی هەرەزۆری گوندنشینەکانی گەرمێن شوان و گاوان و مجێور و جوتیار و پاڵە و سەپان و توتنچی و گۆخڵ و مەرەزەوانیان هەمووی کریکاری فەسڵی و دایمیان کەسانێکن وەك من کویستانین، ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە ئەوان کەخاوەن کار و ئاغا باڵاسەرین بەسەر ئەو خەڵکە ڕەش و ڕوتەی لە کویسانەوە بۆ وە چنگ هینانی بژیو دەچن دەبنە نۆکەر و مزوریان، لەو گشتە بەرهەم و خێرو بەرەکەتەی کەوەك بارانی بەهار بەسەر خۆیان و کێڵگەو زەوی وزارەکەیاندا دەبارێ بەنەسیبیان نابێ. زۆربەی ئەوکەسانەی کە بەڕواڵەت خاوەنی کێڵگەو کشتوکاڵ و دەیان کریکار و وەرزێر و جوتیارن، پایزان نەك بە قەدرایی یەکێك لەکرێکار و پاڵەکانیان بۆ نامێنێتەوە بەڵکوو بڕیکیش لەسەر ئەو قەرز و سوود و سەلەمەی لە تاجر و چەقاڵ و بەقاڵی شارەکانیان کردوە بێمایەو قەرزاریش دەمێننەوە. بەکورتی بڵێم بێ ئەوەی تێبگەن و بەخۆیان بزانن کە خۆیان بەو گشتە پۆز و قوپز لێدانەوە بەسەر جوتیار و کرێکارەکانیانەوە نۆکەرێکی بێ خەڵات و بەراتی تاجرە سوو و سەلەم خۆرەکان و حاجی بازاڕی و چقاڵ و بەقاڵی شارەکانن.

بەڵام هەرکەس کاسبێکی بێ‌بێزو بۆبێت و لەباری ئیخلاقیشەوە تەواوبێت! زۆر زوو دەتوانێ بەڕەنجی شانی گیرفانی پڕکات. بەڵام هەرکەس هەوەسبازبێت! وەك بەرخە کۆرپە سەری بڕن ئاو لەئاو تەکان ناخوات قاتڵ لەبەرانبەر خەڵك و قانووندا سەربرزە بە بەرزی بانانەوە.

کوشت و کوشتار لەوی تابڵێی زۆرە بەشی زۆری گەرمێنی لەسەر دزی و ڕێگری و تالانگەری شەوانە بەگوللە دەکوژرێن، زۆر سەیرە هەرکەس شەوانە شەوکوت واتە دزی لەتاریکە شەودا یان تاڵان نەیەنێ بەپیاوی نازانن پیسترین تانەو تەشەریان لە کوڕەکانیان ئەوەیە کە بەیانیا بەسەر کوڕ خەواڵووەکانیاندا، دادەخوڕن و دەڵێن:

هەستە هەستە هەی هەتیوە خوێڕیە، ئاخر سەرملەت بۆ گرتووم، تاڵانت بۆ هێناوم! خەوبەرت نادا دەڵێی لە شەوکەت و لەشکر شکاندن گەڕاویتەوە.

دانیشتوانی مەجلیس و مزگەوت گشت گیانیان کردۆتە گوێ‌و بۆ ئەحمەدیان شلکردوە. مجێوری مزگەوت مۆڕەیەك لە پورامین دەکات و لە مەلا نزیك دەبێتەوە و بەسپایی بەسرکە دەچپێنی بە بناگوێی مامۆستادا. کوڕە جحێڵەیەکی قوڵچماخیش لە چپەکەیان تێدەگات، دەدات لە پڕمەی پێکەنین و دەنواڕێتە ناو چاو فەقێ‌یەکدا و دەڵێ: من کەسی وا دەناسم کاری خراپیشی کردوە و تاراتیشی نەگرتووە و هەر ئێستایش لەناو ئەم مەجلیس و مزگەوتەدا دانیشتووە!؟

مزگەوت ئەهوەن و ئارام جمەی دێ لە دانیشتوانی گوند. ئەحمەد دەڵێی پیرە حاجیە

تا ئێستا کەس ئاوەها بەڕێکوپێکی لەسەفەر نەگەڕاوەتەوە. پاش باسوخواسێکی خەستوخۆڵی خەڵکیو وەڵامدانەوەی بەڕێوجێی ئەحمەد لە هەموبابەتێکەوە. ئیتر وردەورده مەجلیس و مزگەوت چۆڵکرا تەنیا دۆستانی نزیکی ئەحمەد لە دەوری ماونەتەوە. ئەوانیش لەگەڵ پورامین و ئەحمە چونەوە بۆ خانووە گڵینەکەی پورامین لەگەڵ ئەحمەددا دەستیانکردە برژاندنی گۆشتی ئەوبزنە کە پورامین پێشتر کڕیبوی لەم کاتوساتەدا بیکاتە سەدەقەی ئەحمەد.

ئێستا ئیتر لەگشت ماڵ و موچەو مەزرایەك باس هەر باسی هاتنەوەی ئەحمەدە، کە دەڵێن بەخوا کەواو پاتۆڵەکەی کەس تا ئێستا لەبەر کوڕەئاغاکانی قەڵندەریشدا نەی بینیوە. یەکێتر دەڵێ کوڕە ئەی ئەو جلەجوانانەی بۆدایکی هێناوە؟ بەخواحەیفە ئەو جلەجوانانە لەوماڵە گڵینە دوکەڵاویەدا لەبەرکرێ. یەکێ دەڵێ بەخوا هەر لەخۆی جوانە جامانە چویتکراوەکەی بەسەر کڵاوە گورونیەکرێچنەکەیدا دەپێچێتەوە.

پاش حەوتویێك میوانداری و گەشتوگێڵ بەناو هەڤاڵەکانیدا، ڕوو لەدەستەبرایەکی زۆر نزیك و خۆشەویستی دەنێ و دەڵێ: پێویستە پێکەوە بچینە گوندەکانی باخوبەیتولی سۆراخێکی مامکەریم بکەین، هەرچەند دڵنیام نەگەڕاوەتەوە بەڵام با لەو دودڵیو شکوگومانەش بێمەدەرەوە.

دوای چەندڕۆژ پرسیار پرسیار و پشکنینی گوندەکانی باخوبەیتولی وکووچەتەڵاو دەوروبەری بەتایبەت پرسیار کردن لە "بنەماڵەی کەلوڕ و مامانەکان" بێنەتیجە و دڵ پڕ لەخەم گەڕایەوە پەنای پیرەدایکەکەی. * * *

دیسانەوە بەهارەوسەری ساڵە مشتەری و خوازبێنیکەر بە دەوری ئەحمەددا وەك پەڕوپۆیدالْ دەگەڕێن. ئەمجارەیان مامۆستا بۆخۆی خوازبێنیکەرە بۆ ماڵی شێخ مەلازاهید کوڕی باوەمەلای ماسیەیەر کە ئێستا مەلای گوندی حانەمیران و خەلیفەی شیخ عەلائەالدینی بیارەیە. ئەحمەد بۆماڵی خۆیان دەعوەت دەکات و دەڵێ:

= کوڕم ئەحمەد تۆ دەبێ نۆکەری بکەی خۆ ئەو چوار قڕانەی لە گەرمێن وەچنگت هێناوە تەواو دەبێت خۆ ناکرێ بەدەستی بەتاڵ دانیشی؟

=بەڵێ مامۆستاگیان خۆ ئاغایی بۆمن دەس نادات دەبێ یا ڕەنجبەر بم یا شوان.

= وەك بیستومە ناتەوێ ببیتەوە بە شوانی ئاوایی؟ ئەحمەد دەڵێ:

= بە خوا هێشتا ساغ نەبومەتەوە ئەمساڵ چ کارێك بکەم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ نامەوێ لە پرس و بڕیاری زۆرینەی خەڵکی سەرپێچی بکەم.

= ڕۆڵەگیان ئەگەر نۆکەری دەکەی یان وەرە لای من یان ببە بەنۆکەری مامۆستا مەلا شیخ زاهید لە حانەمیران حانەمیرانیش بۆتۆ زۆر نزیکە ئێواران دەتوانی بێیتەوە بە ئیشتیا سەر لە دایکت بدەی و پێیاڕابگەی. ئەتو تا ئیستا کاری قورست نە کردوە ڕاستە هەمیشە شوانبووی بەڵام دەستوپی ناسکی بۆ نۆکەری ئێمەمانان باشی. نە دروینەمان هەیە و نە دەسکەنە بەیانی تا ئێوارە بەبەر خۆرەتاوەوە هەڵقرچێی. سا چەن شەغرە وینجەی بەراتی مەلاییمان هەیە دەیجنی و دەیکەیتە بەر ئەو جووتە مانگایە، خۆکاری سەرپێیی لەبەردەستی مەلاژندا دەزانی چیەو چەندئاسانە تائێستا نۆکەرمان بووە بۆخۆیشت کەم تا کورتێك بینیوتە.

= باشە مامۆستا گیان با پرسێك بە دایکم بکەم با بزانم ئەو دەڵێ چی.

= زۆرباشە کوڕم هەر ئەو خزمەتکردنەی تۆ بە دایکت، تۆی کردۆتە خۆشەویستی خاس و عام. قورعان و حەدیسیش دەڵێن: خوا لەوکەسە ڕازیە کە دایکوباوکیانْ لێیان ڕازیە ئەحمەد لەم خۆشامایی و بەڵگە هێنانەوەی مامۆستا کەوتەگومانەوە.

ئەحمەد لە مۆجیاری خۆشامایی مەلا دەکەوێتە ناو شکوگومانەوە خۆی بەخۆی دەڵی.. کەوایە ئەو کوڕە لاوە گەرمینیانەی لەکوشت و کوشار و تاڵان دزی .. خۆیان دەپارێزن و پێیان قەباحەتە بەقسەی باەکیان ناکەن خوا لێیان رازی نیە!؟

هەروەها قسەی ئەوڕۆژەی کوڕە قوڵچماخەکەی ناو مزگەوتی هاتەوە هۆش کەوتی:

= من بڕێك کەس دەناسم کاری خراپیش دەکەن و تاراتیش ناگرن و دێنە ناومزگەوت. هەروەها ئەحمەد زوتریش بیستبوی کە دەڵێن ئەمیرانی لەشکر باشمەلا و قازی شەرعەکان لەپیش چاوی ژنەکانیان دەسدرێژی دەکەنە سەر نۆکەر و غوڵام و کارەکەر و گوماشتەکانیان! بۆ ئەوەی سەرشۆڕ و گوێ لەمستیانبن.

ئەحمەد کەهاتەوە ماڵەوە دایکی بە سەر سوڕمانەوە دەستی کردە پرسیار لە ئەحمەد و وتی: ڕۆڵەئەحمەد گیان زۆرم پێسەیرە چۆن بوو مامۆستا بانگیشتنی کردی تۆ پینج مانگ لە ڕوانگەی بڕێك لە خەڵکەوە بێسەرو شوێن بووی مامۆستا و مەلاژن تاقە جارێك ئاوڕیان لەمن نەدایەوە!

= دایەگیان بۆخۆیو شێخ مەلازاهیدی حانەمیران خوازبێنی لێکردم ببمە نۆکەریان تۆ چی دەڵێی ڕات چیە؟ پورامین دەڵێ:

= نازانم نامەوێ بەنابەڵەدی بە لاڕێتدا بەرم بۆخۆت ڕات چیە تۆخوا پێتخۆش ببیە کارەکەری بەردەستی مەلاژن؟

= ناوەڵا دایەگیان مەگەر تۆ مەجبورمکەیت. پورامین لە خۆشیا دەگەشێتەوە دەست دەستۆی دەکات و دەڵێ:

= دەك دایکت بەقوربانت بێ بەقورعان دەڵێی میشکو دڵی منوتۆ بۆهەمیشەپێکەوە نوساون قەت لێکجیانابنەوە. کوڕم مەلاومەلاژن لەبەرئەوەی قەت نوێژم نەکردوە بەگلاوم دەزانن! قەت لێم نزیك نابنەوە مەلاژن لای کویخا ژنو چەند ژنێکیتر وتبوی بە پێ شەرعی ئیسلام کەسێك لەدرێژایی ژیانی دا نوێژی نەکردبێت چەپەڵ و کلاوە کەمردیش نابی لە قەبرستانی موسوڵمانانداا بینێژن. هەر ئاوایش تماشای باوکە نەخۆش و ڕۆژە ڕەشەکەتیان دەکرد. چونك باوکیشت نەنوێژی دەکرد نە ڕۆژوی دەگرت و نە ئاموشۆی مزگەوتی دەکرد. باوکت دەیگوت ئەوەی من لە مەلاو فەقێم بەچاوی خۆم بینیوە باسکردنیشی بایس شەرمەزاریە، بۆیە قەت بڕوام بەمەلا و مزگەوت و نوێژو ڕژوویش نیە، چونکە کردەوەی ئەو سەرسپیە دڵڕەش و داوین پیسانەم باش ناسیوە، بەچاوی خۆم بینیومن لەبەرەبەیاندا لەباخەڵی خێزانی هەژاراندا هاتونەتە دەرێ بێئەوەی بچنە حەوز گەڵوگونی کەسیفیان بشۆن یەکڕاست چونەتە سەربانی مزگەوت و بە هەموهێز دەستیان بە ئەڵاهوئەکبەر ئەڵاهەئەکبەر کردووە وبانگی موحەمەدیان داوە؟! بێ وصلْ و تارات و دەسنوێژ چوونەتە میعراب و دەستیان بە بەرنویژی بۆخەڵکی سادق و سافو ساویلکە کردوە.

پورامین درێژە بە قسەکانی دەدات دەڵێ:

هەر ئەو مامۆستا سەید جەلالە کەبەڕواڵت دەڵێی قوتبی زەمانە و خەڵك بە ئەولیای دەزانن! پێیانوایە هەمیشە و لەسەرەمەرگدا ئاگای لە زیندوو و مردووەکانیانە بە یاسین و تەڵقین بۆ بەهەشتیان بەڕێدەکات! لەوڕۆژەوە بۆتە مەلای گوندی سوننەتە لانی کەم لە شەوو ڕۆژێکدا ئەگەر بەهۆی پێجفەرزەی نوێژ پینججار بۆ حەوزو مزگەوت بەبەر ئەم ماڵە گڵینەی ئێمەدا هاتوچۆی نەکردبێت لانی کەم لە شەووڕۆژێکدا سێجار هاتوو چۆی کردوە. حەوتساڵی ڕەبەق باوکت بە نەخۆشی سیلەوە لەناو ئەم پلاس و پەنای ئائەم پێچکەکورسیەدا دەتلایەوە تاقەجارێك ئەم قوتبی زەمامە سەری بەم ماڵەدا نەکرد. تازە لەکاتی مردنیشیدا جەنابی هەتا بۆ تەڵقین خوێندنی لەگەل خەڵکیدا نەهاتەسەر قەبران، کەچی منداڵە ئاوەلەمی ماڵە دەوڵەمەندێك نەخۆش دەکەوی بەوەخت و بێوەخت شەو بە تاریکی و سمەکوتی یان بە چراموشی و فانۆسەوە خۆی دەگەیەنێتە ئەو منداڵە ئاوە لەمە یاسین و دۆعای بەسەردا دەخوێنێ. ڕۆلە گیان تۆ پێنج مانگ بێسەروشوێن بووی من لە بەر بەڕۆچکەی ئەم بەردرگایەدا دادەنیشتم کە ڕێگای گشت خاسوعامی گەندە بە پەنامدا دەهات و دەچوو هەتا تاقەجارێك هەواڵی تۆیشی لێنەدەپرسیم.

کوڕم ئەحەمەدگیان من تا دام دەهێڵنەناو قەبر دەبی دوعاگۆی خەڵکولاوانی نێرومێی گوندی سوننەتەبم. ئەو کچە عازەبانەی ئاویان دیناو تەندوریان دادەخست ئاویان گەرم دەکردو حەماملەمیان دەکردم، بە قوربانی ئەو کوڕە جحێڵانەبم کە بارە داریان بۆدینام دەیانجنی بۆ ناوچاوانەی کوانوو تەندوورەکەم. هەزارمامۆستا بەقوربانی کەوشی کچانو کوڕانو هاوسیێو دەراوسێ کانم بێت. چاوەڕوانی ژمارەی داهاتوبین

# ڕەسوڵی سەفەریانی

# و



## ئاورێک لەمندالانی وڵات،


**دیسان لە هەندەرانەوە بەسەر هەزاران کەژو کێو دشت و دەریاو زەریادا لە ناخی دەرونمەوە ئاورێك دەدەمەوە بەرەو جیهانی مندالان بەتایبەت مندالانی وڵاتەکەم و دەڵێم:**

ئازیزانم ئێستا کە یەکەمرۆژی زستانە و وەرزی سەرمایە و ئاسمان و زەویٚ گیراوە، وەك دوکانی هەلاج چاوی تێدا نابینرێت. هەمولایەك پڕە لە کولوکولو وردەلۆکەی بەفر، نەرمەنەرمە و لە سەرەخۆ وەك پەپوولەی سپی لەکۆڵانو حەسارو سەربان و دارو دەوەندا ڕۆدەنیشن. وەك پەڕی خەیاڵ نەرم و وەك قژیپیری، وردوسپی دێن و لەسەریەك کۆدەبنەوە و کراسێك لەبەر زەویدەکەن.

**بەفر فرەجوانە هەوێنی کانیاوەکانە، هێزی ئەژنۆی ڕوبار، خوینی گەشی شادەماری گوڵەزاری بەهارە. مزگێنی دەری پاشەرۆژی سەوزەی پڕ لە داهاتە. کەواتە جێگەی خۆشیەو هەواڵدەری شادمانیو ئاواتە.** پێویستە پێی خۆشحاڵبین و سەمای بۆبکەین و جەژنی بۆ بگرین. بەلام کێ ئەوجەژنە بگرێت و کێ شادی بکات؟ شادی و سەما بە زکی تێر و دڵیخۆش و بێخەم دەگیرێت. بەوکەسانە دەگیرێت کە خەم و ترسی قامچی سەرما، هەرەشەیان لیٚ ناکات. ئەوانەی وا لەچلەی زستانا دەلاقەی ژورەکانیان بۆگۆڕینی هەوا و فێنك کردنەوە، تاو نەتاو دەکەنەوە، ئەوانەی وا هەناسەیان لە شۆفاژەوەدێت و خەمی نان لەسەرشانیان قورسایی نیە و چەن منالی ڕوت و بیٚ بەرگ لەسوچی ژورە بیٚڕاخەر و پێخەفەکەیاندا گرموڵە نە بو ون. ئەوانەی وا مەری بیریان بەهاتنی بەفر لە گەمارۆی چەن گورگی خەمی پێکەوە هێرش هێناودا داماوە، ناتوان شادبن، نازانن لەپێشدا بەکام خەم ڕابگەن. خەمی جلی خۆیو مندالان، خەمی کەرەسەی گەرم کەرەوەی ماڵ؟ یان نانی پڕکەری زکی برسی کە سەرماکەی چەن ئەوەندە دژوارتر دەکات؟

دیارە کە ئەم خەمانە نەبن زستانیش خۆشە و بەفریش جوانە، کە زگ تێربوو لەشیش گەرمە، بەفر بانگت ئەکات بۆلای خۆی و بەگەرمی ئەتدوێنیٚ، ئەبێتە هاوڕیٚ و ڕفێقی. وەك منالانی ئێرە بە جل و بەرگی چاك و گەرمەوە و بە کەرەسەی تایبەت خەریکی یاری و خلیسکێن و چێژی تایبەت لە زستان دەبینن. بۆ ئەمان زستان یانی خۆشی و کایە و شادمانی. بەلام ئەو منالەی وا بە جووتی کەوشی لاستیك و دەستیٚ جلی کۆن و نیوە پۆشتەوە خۆی لە بەفر نزیك دەکاتەوە و یاری لە گەڵ دەکات پاش یاریەکە تووشی هەڕەشە و گورەشەی باوك و دایك دەبێت تا جارێکیتر خۆی لەوەها یاریەك نەدات با کەوش و جلەکانی نەدڕێن و لە بەر کەم بەرگی و پۆشتەیی تووشی نە خۆشی نەبێت .
دیارە ئەم جۆرە منالانە قەت بیرەوەرییەکی خۆشی زستان لە میشکیان دا شکڵ ناگرێت. تا ماوە لەگەڵ ناوی بەفر و زستان و ترسی سەرما و خەمی جل و نان و .... لەشی دادەگیریٚ و ڕقی لەم وەرزە جوانەی سروشت کە مایەی ژیان و بوونە. هەتا خواو ئاین و خورافەش دەسەڵاتداری و دابەشکاری دنیا بکەن، لە چەشنی ئەو منالانە لە کۆمەڵگادا فرە و فراوان ئەبێت. هەتا دەسەلات داران و یاسانووسان نۆکەرانی ئەڵقە لەگویٚی زلهێزەکان و پارێزگەری قازانجی ئەوانبن، بۆ گەیشتن بە ئاماجەکانیان خواو خورافە دەکەنە سەرپشکی بەشکاری وڵات و زاری پڕ لەهاواری برسیەکان و چەوساوەکانی پیٚئەبەستن.
جا بۆ پاك کردنەوە و بنەبڕ کردنی نایەکسانی و فەقیری و نەداری، دەبیٚ ئەڵقە لە گوێیانی دەسەڵاتدار برووخێن و پاشان ئەقڵ و زانین بکرێنە بەشکار ، یەکسانی و وەکیەکبینی ئینسانەکان ببێتە یاسا و ماف یەکسان لە ژیانێکی ئینسانی و کەڵکی یەکسان وەرگرتن لە سەرمایەگشتیەکان **ببێتە کلتور و دەسەڵاتدارو حاکم لەکۆمەڵگادا.**

**بەهیوای ئەو ڕۆژە 2004/1/1 یۆتیبۆری**



لیستی کمک هەزینە زیستی کودکان (یانەی) سیار سارا در شهرهایی سقز و بوکان برای مهرماه 1382

| ردیف | ناو و شۆرەت | م- لەدایکبون | ناوی باوکودایک | مەسکەن | میقداری پارە | ئیمزای‌دایکوباوك یاداشدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 - | بهروز کەرەمی | 1379 | اسماعیل و ثوبا | سەقز | 10000 تمەن | |
| 2 - | صباح حەبیبی | 1379 | عوسمان و نازدار | سەقز | 10000 | |
| 3 - | ئیلهام خۆشقەدەم | 1380 | موحەمەد و زوهرە | سەقز | 10000 | |
| 4- | جەعفەر کەرەمی | 1370 | عەلی و سۆزیە | سەقز | 10000 | |
| 5- | سەمیرە نومازی | 1380 | هادی و مریەم | سەقز | 10000 | |
| 6- | فەرزانە ئیصاق | 1378 | محمود و ئاهیە | سەقز | 10000 | |
| 7- | شیداکەسنەزانی | 1369 | محمەسعید صغرا | سەقز | 10000 | |
| 8- | شەوبۆصالح زادە | 1378 | حەسەن و خاوەر | سەقز | 10000 | |
| 9- | یۆسف حەسەنپور | 1277 | ئەمین و گوڵەباخ | سەقز | 10000 | |
| 10- | مریەم کیتابی | 1375 | محمد و زوهرە | کانەعەمەت | 10000 | |
| 11- | لەتیفە کەریمی | 1375 | محمدصالح رەحیمە | سەقز | 10000 | |
| 12- | مسعەد کتابی | *** | محمد و زوهرە | کانەعەمەت | 10000 | |
| 13- | دلنیا دۆمینە | 1374 | عەلی ە مەعصومە | بۆکان | 10000 | |
| 14- | شادی بێخانی | 1380 | عەبدولا و فەریدە | بۆکان | 10000 | |
| 15- | سەعید یەکشەوە | 1376 | جەعفەر ە خاوەر | بۆکان | 10000 | |
| 16- | ئومید سلێمانی | 1376 | لوقمان و فاتمە | بۆکان | 10000 | |
| 17- | ساراح داشاغل | 1380 | ئەنوەر و سۆزیە | بۆکان | 10000 | |
| 18- | زینەب قادرقۆر | 1373 | عەلی و زینا | بۆکان | 10000 | |
| 19 - | شیوا حەیدەری | 1373 | محمد و ماهمنیر | بۆکان | 10000 | |
| 20- | نیگار باپیری | 1374 | خوەمەر و رویایە | بۆکان | 10000 | |
| 21- | هێمن قادرپور | 1373 | عەبدولا و سفورا | بۆکان | 10000 | |
| 22- | عەبدولعەزیزئەبار | 1374 | سلێمان و ئەبا | بۆکان | 10000 | |

لەبەر ئەوەی خوشکە ئەسرینی حسێنی بریاری داوە بچێتەماڵی بەختەوە بەر پرسی کاتی یانەی منداڵانی سارای سەیار لە شاری سەقز حسین فەقێمەعروفی بەرپرسی یانەیش لەبۆکان خوشکە ئەفسەری فەیزییە.



BARNENS VÄRLD

Ali Ketabi C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17. 424 66 Angered
Tel: +46 (0) 31-3302030, 073 7141055
www.jihanimindalan.just.nu
shihab.manmy@comhem.se

Bankgiro 5469-4922 ---- ISSN 1651-5188